# هەڵمەت

گۆڤارێکی تایبەت بە شیعرە ژمارە 6

ئارام کاکەی فەلاح
ئەنوەری ڕەشی عەوڵا
ئارام سدیق
هاوبیر کامەران
لەتیف هەڵمەت
قوبادی جەلیزادە
غەمگین بۆڵی
شیلان ڕەشید
سەلاحەدین بایەزیدی
زاموا محەمەد
ڕێبین خدر
دیار لەتیف
دڵشاد عەبدوڵڵا
دلاوەر نوری
دلاوەر قەرەداغی
حەمە کاکەڕەش
جەمال شارباژێری
توانا ئەمین
بەشدار سامی

## فایلێکی تایبەت بە

# مارج پیێرسی





«لەم ژمارەیەدا»

## هەر ژنێک درەختی خۆی دەناسێتەوە

بەژان ماتوو

# هەڵمەت


گۆڤارێکی تایبەت بەشیعرە
ژمارە (٦)

خاوەنی ئیمتیاز
**لەتیف هەڵمەت**

سەرنووسەر
**سۆران نەدار**

بەڕێوەبەری نووسین
**جواد خلیل**

دیزاین
**ئارام لوقمان** «٠٧٧٠١٥٠٨٢٥٣»

ئیمێڵ
**halmatmag@gmail.com**

پەیوەندی کردن
**٠٧٧٠٢٤٤٢٨٧٥**

ستافی ئەم گۆڤارە و ئەو ناوانەی بەسەر ئەم گۆڤارەوەن و نووسەرانی دەرەوە و ناوەوەی گۆڤارەکەش هەموویان بەخۆبەخش لەم گۆڤارەدا کار دەکەن و هیچ پاداشت و بەخششێکی ماددی وەرناگرن.

نرخ (١٥٠٠) دینار

# سەرباس

**سەرنووسەر**

ڕەگی شیعری (شێرکۆ بێکەس) دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتاکانی نوێگەری و ساڵانی هەفتاکان.. ئەو یەکێکە لە شاعیرە گەورەکانی کورد.. هونەری جوانکاری لە شیعری شاعیردا بڵندەو ڕستەی جوان و نوێی زۆر هێناوەتە ناو ڕووبەری شیعری کوردییەوە.. بەرهەمەکانی لە زۆر گۆشە نیگاوە شایانی هەڵوێستە لەسەر کردنن.. وەکو ئەندازیارێک بلۆکی ڕستەی شیعری خۆی دروست کردووە...

لە دارستانی شیعرەکانیدا زیاتر لە ڕەنگێک و لە دەنگێک و لە بۆنێک هەیە.. داستانە شیعرو ڕۆمانە شیعرو چیرۆکە شیعرو پەخشانە شیعرو دەقی واڵا پێنج دەنکە لمی گەرم و دیارن لە ڕووباری فراوانی شیعری شێرکۆ بێکەسدا.. زیاتر لە چل بەرهەمی چاپکراوی هەن.. بۆنەو ڕووداوە نیشتمانییەکان کۆمەڵە ئەڵقەیەکن زنجیرە شیعری شێرکۆیان بە یەکەوە بەستۆتەوە.. هەندێ لە بەرهەمەکانی داهێنانی گەورەن...

یەکێکە لەو پۆلە شاعیرەی کە لە کۆتایی شەستەکان و سەرەتای هەفتاکاندا بە گوڕوتینەوە ئاڵای شیعری نوێی کوردییان بەرز کردەوە.. ئەو شێوازە شیعرییەی شاعیر لە دیوانەکانی (تەون.. ملوانکە.. دەربەندی پەپوولە.. گۆڕستانی چراکان.. هەست و نەست.. پاییزە میوان) دا پەیڕەوی کردوون.. جوانییەکی زۆری لە خۆ گرتوون و جیان لەو شێوازە شیعرەی کەوا لە کۆمەڵە هۆنراوەی (کەژاوەی گریان و تریفەی هەڵبەست) دا پێی نووسیون...

بەرهەمەکانی (زێ و زنە.. ژن و باران.. کورسی.. دوو سروودی کێوی.. حەفتا پەنجەرەی گەڕۆک) ی بە جۆرێ داڕشتووە هەناسەی درێژو ڕووداوی گەورەو بیرۆکەی نوێ و نیگاری بەرزی هونەری و شیعری زۆر پێوە دیارە.. شیعرەکانی جۆرێک لە چیرۆکی تێدایە.. گەلێ جار دراماو دیدار لە ناو هۆنراوەکانیدا دەدۆزیتەوە.. گێرانەوەی شیعری لە زۆربەی بەرهەمەکانیدا کاریگەرییان هەیە...

دیوانەکانی (ڕەنگدان.. کازیوە.. نسێ.. ئافات.. خاچ و مار.. کاوەی ئاسنگەر) ی شاعیر پڕن لە وێنەی جوان و سەرنجڕاکێشی شیعری و هونەری و ڕستەی نوێی کوردی و خەیاڵی بەرزەفڕو بیروبڕوای نیشتمانپەروەری.. بە دەیان شیعری دی کورت و درێژی هەن.. خەیاڵی شەنگ و چریکەی دەنگ و باخچەی باخچەی ڕەنگ و مۆزیکی خەمگینی تیایە.. هەر بۆ نموونە: هۆنراوەی (ئێستا کچێک نیشتمانمە) ی شێرکۆ وێنەگەلێکی بەهێزی تیایەو شایانی ئاماژە پێ کردنن...

بێکەس زیاتر شیعری لەسەر شێوەی جووڵەو دەنگ نووسیوە.. هۆنراوەی ناو دیوانەکانی (خۆم ئەو وەختەی باڵندەمر.. مێرگی هەتاو.. ئاسک.. ڕووبار.. بۆننامە.. ژنێک و دوو پیاو) و چەندین بەرهەمی دیکەی هەن لەسەر یەک ڕەنگی و یەک دەنگی و یەک شێوازی شیعری نووسراون و هەر هەموویان بە هێڵێکی ڕاست و دیاری کراودا ڕۆیشتوون و شۆڕ بوونەتەوە...

هەندێ بەرهەمی چاپکردوون پەخشانن و ناو بە ناو جریوەی شیعریان تیایە.. خۆی نکوڵی لەوە نەکردووەو ناوی لێ ناون پەخشانە شیعرو ئەمەش لە گەورەیی شاعیریتی شێرکۆی کەم نەکردۆتەوە.. ئەو یەکێکە لەو پۆلە شاعیرە داهێنەرەی کە شیعری کوردییان گەیاندۆتە ئاستێکی جیهانی...



دلاوەر قەرەداغی

# ئاسمان غەریبانە.... شینە!

هەواڵنامەی کتێب

ددانی پێدا بنێ:
ڕۆژ و ڕۆژگارت سەیر لێ دەڕوا
دڵت غەمگین لێ دەدا
ددانی پێدا بنێ،
کە دەنگی سەیر سەیر دەبییەیت
کە بە دەمر خەوەوە
بە لێواری خەرەند،
بەناو ئاگردا ڕێ دەکەیت!

ددانی پێدا بنێ:
چاوت ڕێشکەوپێشکە دەکا
دڵت هیچ لەسەر خۆی نییە
ددانی پێدا بنێ،
دواجار شتێک .... زۆر گران
بە نرخی دڵ لەسەرت دەکەوێ،
شتێک .. کە هەرگیز نازانیت چییە!

ددانی پێدا بنێ:
ددان بە گوناهێکدا بنێ
نەتکردووە، بەڵام دەنگێک بەرەو لای
بانگت دەکا
ددان بە چێژێکدا بنێ،
هەناسەت پڕ دەکا لە شتێک وەک ژەک تاڵ
بینابیت پڕ دەکا
لە شەو
دڵت پڕ دەکا لە شینێکی غەریب
لە فرینێکی قووڵ،
بە شاباڵی خەیاڵ

ددانی پێدا بنێ:
کە زوو زوو لەرزوتایەکی گەورە داتدەگرێ
کە هیچ لەسەرخۆت نیت
کە جوانیی سوار سەرت بووە
کە لە ڕووبەرێکی بەتاڵدا
بە دەوری خۆتدا دەخولێیتەوە
کە نازانیت بە دڵی پڕەوە بەرەو کام شار
دەڕۆیت و
بە دەستی بەتاڵ لە کام شارەوە دێیتەوە

هەواڵنامەی ژین

ددانی پێدا بنێ:
شتەکان تێکەڵپێکەڵ دێنە بەرچاوت
بە دەم ڕێگەوە بوونەوەری سەیر و سەمەرە
دەبینیت
لا بۆ مێرووله و ئەسپ و منداڵ و درەخت دەکەیتەوە
دڵنیایت
ئەو بوونەوەرانەت
لە کات و شوێنی تردا بینیون و
سبەینێش هەمدیس لە کات و شوێنی تردا
هەمدیس دەیانبینیتەوە

ددانی پێدا بنێ:
ئەوەی لە خەوندا دەیبینیت
وا دەزانیت ڕاستییە
ئەوەی لە ڕاستیدا دەیبینت
بە خەون تێی دەگەیت
ددانی پێدا بنێ،
دەڵێی سیحرت لێ کراوە،
کە دونیات ئەوەندە
ڕەنگاوڕەنگ لێ ئاڵۆزکاوە
کە شەوت بە ڕۆژ و
شەڕت بە خێر و
ڕەشت بە سپیی و
دۆزەخت بە بەهەشت لێ گۆڕاوە

ددانی پێدا بنێ:
کە بە ڕێگەدا دەڕۆیت
تریفە .. شەبەنگ ... ڕەشەبات لێ دەتکێ
دەستت لەسەر دڵتە و دەترسیت
لەو قەرەباڵخییانەدا
بروسکە لێت بدا و بتکاتە قەرەبرووت
پەپوولە بە ئەی هاوار و هاوارەوە
تێت بورووکێ
گوڵ بە قژ ڕنین و لەخۆدانەوە تێت بدا و
هەور بە دەف ژەنین و
باران بە سنگ کوتانەوە
دوات بکەوێ

ددانی پێدا بنێ:
خۆت بکە بە هۆدەی نیوە تاریکی مزگەوتەکەی
کۆشکی خواروو* دا و
بە گریانەوە
داوا لە مەلا کوێرە بچکۆلانە
وەجاخکوێرە دەنگخۆشەکەی بکە
چەند ئایەتێکی غەمگین لە سوورەتی یوسفت
بەسەردا بخوێنێ
لەبەردەمیدا سەر دابگرە و
بە چرپە پێی بڵێ:
‹‹ مامۆستا... خەراپ پێوە بووم!››
لە بەردەمیدا ددانی پێدا بنێ
کە سەری دونیات لێ هاتۆتەوە یەک
کە هێندە دڵتەنگیت
نازانیت چیت دەوێ؛
نازانیت چی بکەیت،
نازانیت سەری خۆت بەرەو کوێ هەڵگریت

ددانی پێدا بنێ:
ماوەیەکە گوێچکەت دەزرینگێتەوە
بە شتێک وەک شیعر
بە نەعرەتەی ڕۆحێکی لاسار
بە هاوارێک لە دوورەوە ...
هی جەنگاوەرێکی دێرین
بە وێردێک لەسەر خاچێکەوە،
هی یەکێک لە شەهیدە گەورەکان
ددانی پێدا بنێ،
نازانیت ئەو دەنگانە بەرەو کوێت دەبەن و
تا کەی بە دواتەوە دەبن و
چ شتێکیان لێت دەوێ!

ددانی پێدا بنێ:
ددان بە گوناهێکدا بنێ
نەتکردووە، بەڵام پێتی دەکەن
ددان بە سەفەرێکدا بنێ،
نەچوویت، بەڵام بۆیت دەبەن
ددان بە سوێندێکدا بنێ
نەتخواردووە،
بەڵام پێیت دەخۆن

هەواڵنامەی گێتی

ددان بەو گەلەکۆمەیەدا بنێ
کە عەشق لێت دەکا
ددان بەو بۆسانەدا بنێ
کە جوانیی بۆت دەنێتەوە
کاتێ لێی نزیک دەبیتەوە،
بێ ڕوحمانە نیشانەت لێ دەگرێتەوە و
دڵت لە هەزار لاوە
وەک بێژەنگ .... دەبێژێ

ددانی پێدا بنێ:
دواجار بە خۆت و گوللەبەنگەکەتەوە
بە کوژراوی لەم جەنگە دەگەڕێیتەوە
بە کۆشێک منداڵی غەمبار و نائومێد،
بە ڕۆحێکی هەلاهەلا
بە پۆلێک باڵندەی بریندارەوە دێیتەوە
ددانی پێدا بنێ،
لەم قومارەدا دەدۆڕێیت و
تا هەتا هەتایە،
ئەم گەمەیە نابەیتەوە!

**سلێمانی**

هەوڵنامەی کتێب

پەراوێزی شیعریی: «کۆشکی خواروو» ناوی گوندێکە، کە ساڵ دوازدە مانگ مزگەوتێکی بە قەڵاندۆشکانەوە و باخێکیشی بە باوەشەوەیە.



# دایکم

حەمە کاکەڕەش

خودایەک هەیە
بەهەشتێک هەیە
دڵنیام، دایکم لەوێیە.

،،،

شوێنێک هەیە
ئەگینا دایکەکان بۆ کوێ دەچن
مردن بەتاڵترین وشەیە
ئەبێ ناوەکەی بگۆڕین
بڵێین: سەفەر ڕۆیشتن بۆ شوێنێک
شتێکی وا
نزیک میهرەبانی خوا.

،،،

دایکم ئاوێکی سازگاربوو
هەستم بە تینیوێتی نە دەکرد.
دایکم گەرمی ژیانم بوو
هەستم بە هەناسە ساردی نە دەکرد.

،،،

دایکم دەبینم لە خەوندا
دایکم دەبینم لە ڕۆژدا
دایکم دەبینم لە شەودا
لە باران و بەفرو شنەباو
کازیوەو تەمدا.

،،،

دایکم هەم دایک و هەم باوکم بوو
دوای چڵ ساڵ بێ باوکی
هەستم بە بێ نازی نەکرد
لەگەڵ مردنی دایکمدا
وادەزانم
هەزار ساڵە بەدبەخترین هەتیوم.

،،،

دایکم لە خەڵکی ئەم سەردەمە نەدەچوو
کە قسەی دەکرد دڵی دیاربوو
دایکم لەگەڵ میهرەبانی و دەردەسەری ڕۆژگارا یاربوو.

،،،



ژیانی دایکم سێ شتبوو بۆ ئێمە
ڕەنج و ...
وەفاو ...
خۆشەویستی

،،،

لە هەرکوێیەک بم
کە باران دەبارێ تەڕدەبم بە سۆزی دایکم
کە خۆر هەڵدێ ڕوخساری دایکم دەبینم
لە شنەبای بەیاندا بۆنی هەناسەی دایکم دەکەم

،،،

خودایە ئەمە چ ئازارێکە
دایکم لە گۆڕدا ڕاکشاوەو
من بە شەقامەکاندا دێم و دەچم
دایکم لە گۆڕدایەو

من دەبێ بژیم
من دەبێ قسەبکەم نان بخۆم
بخەوم ....

،،،

دایکم مانگای خۆشدەویست
بە شەنی سۆز پوشی دەکردە خەرمان
بە قرچەی هاوین خەرمانی دەکردە
مەکینەی ئومێدەوەو کای دڵنیایی دەهێنایەوە بۆماڵ
مانگای تێردەکردوو
شیرەکەی دەکردە ماست و بە پارەکەی خەرجی ئێمەی دەکرد

،،،

بڕوام نەبوو دایکم دەمرێ
چونکە دایکم  هیچ بۆ خۆی نەژیا
لە پێناوی ئێمەدا
ژیانی خۆی لە بیرکرد

،،،



دایکم تەواو ئامادەی مردن بوو
هیچ نەما بۆمان نەکات
کچ و کوڕەکانی گەورەکردن و ...
نەوەی نەوەکانی لە ئامێزگرت
دایکم هیچ نەما بۆمان نەکا
کاری خۆی تەواو کرد
بۆیە مرد.

،،،

هەرچەندە بڕوا بە مردنی دایکم ناکەم
هەمیشە وەک سێبەرێک بە شوێنمەوەیە
ئەچەمە دەرەوە
دێمەوە ماڵەوە
هەراسانم
دەگریم
بێدەنگ دەبم
بیردەکەمەوە
دایکم لەدڵی مندایەو
منیش مردوویەکم
بە خەمباری دەژیم

،،،

لە گەڵ مردنی دایکمدا
دڵنیابووم
کە خۆشی و ئومێدو بەختەوەری هیچ نین هیچ
دڵنیابووم کە ژیان بۆ من هیچ مانایەکی نەما
دڵنیابووم کە دەبێت وەک مردوویەک بژیم

،،،،

دایکم دیار نییەو بەردەوام دەیبینم
لە ناو چاوەکانمدایە
هیچ ناڵێ و دەنگی داپۆشیوم

،،،

هەموو ڕۆژێک کە لە خەو خەبەرم دەبێتەوە
یەکەم شت هەستی پێدەکەم
ئەوەیە کە دەزانم دایکم مردووە
دڵم دادەخورپێتەوە
توخوا کێ مردن شیدەکاتەوە
ئای دەرگایەکی چەن داخراوە
کلیلێک نییە تا بیکاتەوە

،،،

هەرچەندە دایکم مردووە
لەناو خەیاڵ و دڵمدا
درەختێکی میرەبانەو
هەزاران چرۆی کردووە.
دایکم ئاسمانی من بوو
ئاسمانیش قەت ئاوا نابێ
ئەگەر چی دایکم مردووە
هەر بەسەر سەرمەوە دەبێ

،،،

دایکم دڕاوی ژیانی ئێمەی
بە تیکەی دڵی پینەدەکرد
ژیانم تاریک داهات
کە دایکم مرد

،،،



# جانەوەرێکی پەراوێز خراو

**دلاوەر نوری**

زۆپاکە دا دەگیرسێنم
زیاد لە پێویست
گڕەکەی بەرزدەکەمەوە
تاکتێبەکان بخنکێن...
بەشمشێرێکەوە
دەچمە نێو کتێبەکانەوە...
دێڕ بە دێڕ
وشە بە وشە
پیت بە پیت
بەدوای
خۆشبەختیمدا دەڕۆم
تا لە شوێنێکدا دەیگرم...
وەك ئەوانەی لە کەبابخانەکان
سمێڵی چەوریان دەسڕن
تك تك خوێنی دەخمە سەرزمانم
تا سوێری خۆشبەختی بچێژم...
مرۆڤەکان بەر شەق دەدەم
سەری خۆم پاك دەتاشم
خۆڵ ڕۆدەکەم بەسەرمدا و
شاربەشار
دێ بە دێ
خۆم گڕدەدەم
تا بزانن مرۆڤ چەند سوکە..!
تایەیەکی دڕاوی ئۆتۆمبیل
دەخەمە ملم
خۆم لە کەرێك دەبەستم
لەسەر پشت ڕامکێشێت
تا وردە زیخەکان
وەك زەنگی کڵێسا
لەمێشکمدا دەنگ بدەنەوە..
تا کاژی مرۆڤ بوون فرێدەم
حاشا لە مرۆڤ بوونم دەکەم
من هیچ نیم
جگە لە
جانەوەرێکی پەراوێز خراو



# لەوانەیە بەهەشت گەڕەکی ئێمە بێ

**هاوبیر کامەران حەمەئەمین**



لەوانەیە بەهەشت گەڕەکی ئێمە بێ
منداڵەکان بە پێکەنینەوە یاری ئەکەن
پیاوەکان یەکتر ئەبینن و
بەتوندی دەستی یەك ئەگوشن و
ئەملاولای یەکتر ماچ ئەکەن
ژنەکان بەدەم بژاردنی برنجەوە بۆ نانی ئێوارەی مێردەکانیان
باسی لەزەتی خەوی شەویان بۆ یەکتر ئەکەن
گەنجێك لەژوورەوە لە گەڕەك ئەڕوانێت و
چاو بۆ کچە حۆریەك ئەگێڕێت
کچەکانیش لەولاوە بەشەرمێکەوە لیقەلیقیانە و
بەچاوە ڕەشەکانیان
دڵی کوڕەکان ئەخەنە سەما

لەوانەیە بەهەشت گەڕەکی ئێمەبێت
هەمیشە لەسەر سوچێك مەستێك گۆرانی ئەڵێت

لەوانەیە بەهەشت گەڕەکی ئێمەبێت
دوکانێکی بچوك هەموو شتێکی هەیە
مەمکەی منداڵان و پسکیتی یەك لەیەك خۆشتر و حەبی سەر ئێشە
دوکانێکی سادە هەموو شتێکی هەیە
کارتی مۆبایل و کۆندۆمی پیاوان
دۆشاوی تەماتە و بۆیەی ڕەشکردنەوەی تایەی سەیارەش
لەوانەیە بەهەشت گەڕەکی ئێمە بێت

بەیانی گمەی کۆتر و
ئێوارەش چۆلەکەکانی سەر چنارەکە دەیکەنە هەرا و سەما
بەیانی لەگەڵ خۆر کرێکارەکانیش هەڵدێن و
لەگەڵ هەستانی منداڵیش

کرێکارەکان یەکەمر چینی ئارەقی ناوچەوانیان ئەسڕن و
هەڵەسن بۆ ئیشی دوا ناشتا

لە گەڕەکی ئێمە
بەیانیان بە شەرمێکەوە تازەبوك بە تازە زاوا ئەڵێ
زوو وەرەوە

لەوانەیە بەهەشت گەڕەکی ئێمەبێت
مناڵەکان گەمە ئەکەن و پیرەکان چونەتە تێرامانێکی کەونیەوە
هێشتا گوێ لەڕادیۆ ئەگرن
هێشتا لە دەرگاکراوەکان ئەڕوانن و تنۆك تنۆك
ڕێ ئەکەن و لەگەڵ هیوا زۆران ئەگرن

ئێواران
یەکێك ئارێل ئەگۆڕێ
ئەیەوێت خوا وەرگرێ
یەکێکیش ئەخەوێت تا خامۆشی ئەزموون بکات
ئەویکەش ئەیەوێت لە دایرەی خەمەکانیا
مۆڵەتێکی کەمر وەرگرێ

ئێواران
گلۆپ گلۆپ
دڵۆپ دڵۆپ
ڕووناکی پەیا ئەبێ
ئەڵێی منمر کە تۆ دێیت
دڵمر شەبەنگ ئەگرێ
پاییزان
دەنکەکانی باران لە ئاسمانەوە دەبارێن و
دەنکەکانی ڕوناکیش لە زەویەوە سەر ئەکەون
هاوینان
لە سێی نیوەڕۆدا ئاگرئەبارێت و
لە چواردا منداڵ

بەیانیانیش
پۆستەچی
هەزاران سەلامر دەگەیەنێت
چۆلەکەکان گۆرانی بۆ بێچوەکانیان ئەڵێن

نەنە پیرەش کە بانگی ئەکەن بە نەرمی ئەڵێ
ڕۆڵە گیان چی؟

لەوانەیە بەهەشت گەڕەکی ئێمە بێت...
هەمیشە نەرمە بایەکی هەیە
کەمێ تەپوتۆزی ناسك
دەنگی سەیارە و قیژەی مناڵ
سەدای تەزبێح بایانی هەرزەکاری ڕۆح قەیتانی و
لافیتەیەکی ڕەش کە دەڵێت
«ببورن کاك ئەحمەدی هاوسەری خاتوون مرد
دەیبەمەوە بۆلای خۆم زۆری بیر ئەکەم»
لەوانەیە بەهەشت گەڕەکی ئێمە بێت.

میوانێکی ئێرانی
ڕاوچیەکی میهرەبانی چوارتایی
شەمشەمەکوێرەیەکی تیژ
سەرخۆشێکی قسەخۆش
کیلۆیەك گۆشتی قوربانی
لەگەڕەکی ئێمە شەوان
دێن و دەیکەنە میوانیی

جۆگەی شیری سنگی دایك
لەدەمی ناسکی منداڵا
ڕێگەی خۆی دۆزیوەتەوە
دراوسێ خۆڵ زۆرەکەمان
سەتڵەکەی دۆزیوەتەوە کە بەیانی با بردبووی

لەوانەیە بەهەشت گەرەکی ئێمەبێت
ڕۆژ نیە کەس دووگیان نەبێت
ڕۆژ نیە بەقاڵەکان میوەکانی باخی بەهەشت
بە کابانەکان نەفرۆشن
ڕۆژ نیە مناڵەکان یاری لەگەڵ خودا نەکەن
ڕۆژ نیە باجی ئاسکە نەبێتە پەپوە سلێمانکە و
هەواڵی دوا بەیەکی گەڕەك نەپرسێ و
گەرەکیش دۆعای لێنەکەن
لەوانەیە بەهەشت گەڕەکی ئێمە



# تۆش پیاوێک بوویت مەدهۆش...

## بۆ ئازاد سوبحی

### ئەنوەری رەشی عەوڵا/ لەندەن

تۆش پیاوێک بوویت کەمدوو، وەکو حیکمەتی رۆشنایی
نەرم، وەکو دڵی ئاو
سەنگین، وەکو کەسێتی خاک
خۆشڕوو و دڵاوا، وەکو شنەی دەم بەیان

تۆش پیاوێک بوویت مەدهۆش، لە جنسی غەریبی
بڕۆ، نە هەوا کەڵکی هەڵمژین و
نە خۆر کەڵکی هەڵاتن و
نە خاک کەڵکی پیاسەکردنی وەسوەسەکان و
نە باران کەڵکی بارین و
نە ژین کەڵکی ژیانی پێوە ماوە
تۆش بڕۆ.....وەکو تەلیسمی ئەستێرە رێدەربە بە نێو دڕکەزێ شەوەزەنگدا
بێدەنگ.. بێدەنگ
گۆرانی و رازی گوڵەمێخەک بچڕە
لە مێرگێکی مەحزون و دڵتەنگدا

هاوڕێ، هێدی.. هێدی، وەکو لەرەی هیجرەتی دڵت بڕۆ
نەغمەی بارانە ئەغیارەکان، دەبیستین لە تۆدا
جریوەی تیشکە خرۆشاوەکان، دەبیستین لە تۆدا
نوزەی گەڵا وشکەوەبووەکان، دەبیستین لە تۆدا
هەنسکی ئێوارەیەکی لێوڕێژ لە تەنیایی، دەبیستین لە تۆدا
هۆرەی سەفەرە بە سفت و سۆکانی سەبووری، دەبیستین لە تۆدا
ژار و ژەنگ و بێچارەیی ژانی کەرکوکیش، دەژنەوین لە جوگرافیای گیانی تۆدا



# جەهەننەم پڕە لە شاعیری خوێڕی

(کتێبی جەهەننەم پڕە لە شاعیری خوێڕی)

غەمگین بۆڵی

جەهەننەم بۆیە ناخۆشە
پڕە لە شاعیری خوێڕی.
*
شاعیرانێک هێندە درۆزنن
لە دۆزەخیش جێگەیان خۆشە.
*
ئەو شاعیرانەش خوێڕین:
کە لەفەی مریشک دەخۆن و
باسی لەفەی فلافل دەکەن.
*
ئەو شاعیرانەش خوێڕین
خوێڕی شیعرن
کە یەکەم پەیڤی شیعریان
بە وشەی «خۆشەویستەکەم» دەستپێدەکات.
ئەوانە:
یان شاعیرانێکی خراپنووسن.
یان شیعر بۆ گان دەنووسن.
*
من وەک ( غەمگین بۆڵی)
وەک ئەو شاعیرە خوێڕییانە نیم
بەبێ رووخسەت لالنگی رووت بکەمەوە
بەبێ بەیانی باش دەست بۆ ئاو بەرم

بەبێ ماڵئاوایی ئاودەستخانە جێبهێڵم
بەبێ عەشق شیعر بنووسم.
*
حەیای ناو شیعر
ژنێکی رەشبینی چەفیە لەسەری دووکاندارە و
جەژنانیش حەزی لەسەر قەبرانە.
*
رەشبینی درۆزنانەی شاعیرە پیرەکان و
یاخیبوونی درۆزنانەی شاعیرە گەنجەکان
ددانەکانیشمیان رەشکردووە.
*
ئەو شاعیرەی خوێڕی نەبێت
ژیانێکی خوێڕی دەبێت.
*
شاعیرە خوێڕییەکان
لە بەهەشتیش..،
کۆڕی شیعری بەڕێوە دەبەن و
چاوەڕێی خەڵات و
فیتە و
چەپڵە دەکەن.
*
کاتژمێرێک دەخەمە ناو ئەو شیعرەوە
کاتژمێر ون دەبێت و
دەنگی چرکە چرکی دەبێتە ترپەی دڵی وشەکان.
*
شیعرێکم نەخۆشکەوتووە
نەخۆشیی سوریالیزمی گرتووە
حەپێکی ڤیاگرای دەدەمێ.
*
بەر لە مردن
شاعیران پێویستە ناوی مداڵیان بگۆڕن.
*
( شاعیران دڵیان ناسکە)
ئەمە درۆیەکی کلاسیکییە.
*
دونیا پڕە لە دۆزەخی بچووک
شاعیری خوێڕیش.

*

هێندە بەبێدەنگی بێدەنگیان کردوومە
خەریکە زمانی ئەو شیعرەشم قووت بدەم.

*

ژیانی من بەکەڵکی ئەوە نایەت
خۆتانی پێوە هەڵبواسن.

*

کورتبڕی شیعر
هەمان قەدبڕی ڕێگەکەکانی ژیانە
مەرگی شاعیریش..،
جەستەی زیندووی شیعرە.

*

ژیان مەتەڵێکی قۆڕە
بۆ وەڵامەکەی
گون ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت.

*

دیواری ماڵ
دیواری باخچە
دیواری شیعر
هەموو دیوارەکان نیشانەی کۆیلایەتیین.

*

ساردە دونیای مۆدێرنە
پڕە لە مرۆڤی دڵئاسن
پڕە لە شاعیری خوێڕی.

*

پێڵاوەکانی شاعیر
بیانووێکی خۆشن بەسەر زەوییەوە.

*

قاچ لەناو پێڵاودا
زیندانە
شاعیریش
لەناو حیزبێکی ئایینیدا.

*

هیچ لەم شیعرەم مەگرە
چۆن شەیتانیش ..،
دەستی لەناو پەیڤەکانیدا شوشتووە.

*

هەواڵنامەی کتێب

لە سەر ڕەسیف دانیشتووم و
خەریکم پەنجەم بە یادی ڕۆیشتووان دەخەمە دەمم و کە هیچ کەسێك لە دەرەوە نابینم
بە جلی ژێرەوەی خۆم دەڵێم یادەوەری و لەبەردەم خۆمدا دەبم بە تەم.

شۆستەکان لە نێو تاریکیدا، بزرن
مریشکێك ئەگەر لە نێو جۆگەدا بەدوای کرمێکدا گەڕابا و منیش دیتبام
شەو نەختێکی تریش تاریك با، نەمدەگوت تەنیام.



هەواڵنامەی کتێب

**بەشدار سامی**

# مریشکێکم ئەگەر هەبا نەمدەگوت تەنیام.

## بۆ باوکم.

تیشکی گلۆپێك، ئەگەر هەبا، لانیکەم
بیرم لە نووسینی رستەیەك بۆ خۆشویستن دەکردەوە بەڵام
ژنەکان ڕۆیشتوون و
منیش هێشتا بریندارم و لە شەقامەکاندا کە دەڵێم ئاخ
شەق لە دڵم هەڵدەدەم و کە ناتوانم هەستمە سەرپێ، بە دیوارێك دەڵێم
شەوشاد.

تاریکی و ترس و سەرما ئەگەر کپیان نەکردبام
شەقام ئەگەر ماڵم نەبا و وەك تۆ کە ڕەنگە خەوتبی بمتوانیبا کەمێك بنووم
برینم بە دەنگی بۆقێك لەبیر دەکرد و
قەت نەدەگریام بەڵام ببوورە، (ئەگەر ئەم ڕستەیە هەڵەیە)
قونم لە سەر ڕەسیف بەستوویەتی.

من بریندارم، بەڵام سەرخۆش نیم.

تەنیشتم ڕەسیفێکی ترە، نەختێکیتر لەسەر ئەویش دادەنیشم
باڵەخانەیەك بەحاڵ دەبینم
لە یەکێك لە پەنجەرەکانیدا کچێك جل داکەنێت،
من نایبینم.

دنیا بە گشتی تاریکە.

سەر هەڵبڕم ئەستێرەکان دەبینم، بەڵام ئەگەر باش بیربکەیتەوە، من سەرمامە،

هەواڵنامەی کتێب

# چەخماخەی سور،
# کوژراو بەچەقۆی لۆکە

دیار لەتیف



ئەمڕۆ هەر ئەوەندەم ئاسودەیی دەوێت، بۆ سبەی حەبەکانم دەخۆم
بای باکور لەپرچی باشور دەدات
هەوا تای لێهاتووە و وەکو شێت بەکۆڵانەکاندا غار دەدات
ئازادی چییە
ئەگەر کۆتەکانی ڕستە نەتەقێتەوە
بەهێمنی پێ بەدڵی زەویدا بنێ، بترس لەوەی کرمێک گەشمرد نەبێ
لەبەر ژاوەژاوی ترۆمبێل، ئیتر بەرماڵی فریو دەئاژووین
هەبونی من هیچ لەهەبونی مێرولەیەک گرنگتر نییە
کەهەشم ناچار نیم سەپێنراوبم
درەختبوون ئابڕوومەندانەترە لەمرۆڤبوون
نوسین ئازارە ڕاستەقینەکان ئاوەژوو دەکاتەوە، هێڵنج بەوشە نانوسرێتەوە
بۆچی تەورەکەت وەشاند، نەدەبوو تێهزرایت؟
من سودم بۆ زەوی هەبوو
ئێستا لەگۆڕەوە کرم لەکەپوومەوە دادەبەزێت
چوون شیری هەڵچوو نائاسودەم
جیهانمان زبڵدانە
دادپەروەری گۆرانییەکە لەهەوادا دەیچڕین
گورگ برای گورگە
مرۆڤ برای مرۆڤ نییە
هەرچۆنبێ دەبێ کەمتر گوو بکەینە ناو ژیان
دەمێکە چەکوشی مانا لەتاوێری بێمانایی دەدەم و ناشکێت
ڕۆژانە بەپەیژەی لوسی هەوری گەشبینی دەچمەسەر و دەخلیچمەوە
پڕ کێشەم بەرامبەر بەهەبوونی خۆم
سەرخۆشانە بەپردی کاتژمێرەکەدا تێدەپەڕم و دەبورێمەوە
من وەک مێشولەیەکی بێقیمەتی سەر ئەم هەسارەیە هەم
بوونەوەری هیچ و پوچینە
مرۆڤە خۆشەویستەکان
ئەوەتا من مردووم و هەوای سارد لەتەرمەکەم دەدات



دیار لەتیف

# ئاسودەییە زۆرەکان

لەتابلۆکەدا شەوە
بەفر بەهێمنییەوە دێتەخوار
کچ و کوڕێک بەجادەیەکی چۆڵی
دارپۆشی ئەمبەرو ئەوبەر گڵۆپدا، ڕێگا دەبڕن
بەدەم ڕۆیشتنەوە پێکەنینیان داگیرساندووە
بەختەوەری لەژێر پێیەکانیانەوە هەڵدەقوڵێ
بەئاسودەییەوە دەچنە ناو شەمەندەنەفەرەکان
ئەوان ڕقیان لەجەنگ
لەئامێرە مرۆڤبەندەکانە..
ئاخ تەمەن چەندە بەلەنجە دەڕوات
پەپوویەک لەناو درەختەکەدایە
پیرەمێردێک لەکەنار شۆستەکە
هاڵاوی هەنسک لەڕوومەتی ئاڵاوە و
بەئەسپاییەوە دەتوێتەوە

هەواڵنامەی کتێب



# داگیرکردنی بەهەشت

کێ دێت بۆ داگیرکردنی بەهەشت با بێت.
با بێت... ناوی خۆی بنووسێت.
لەشکرەکەمان پڕێتی لە زەردەخەنەی عاشقان
پڕێتی لە ڕابردووی غەمگین.. لە ئومێدی تاڵ.. لە خەونی شیرین
پڕێتی لە ئەفسانەی حیکایەتخوانی ئەوین.
نایبەین ئەوەی رق لە دڵیایەتی
نایبەین ئەوەی لە هەتاو زیز و لە باران تووڕەیە.
نایبەین...جێی دێڵین ئەوەی شەڕ دەکات لەگەڵ تارمایی.
وەرن ناوی خۆتان بنووسن هاوڕێیان !
ئەوە دەبەین پەپوولەیەک لە دڵیایەتی
گۆرانییەک خەیاڵی داگیرکردووە
نەمامێک بووە بە هاوڕێی... باڵندەیەک بەیانیان زوو نامەی بۆ دێنیت و
ئەستێرەیەک لەسەرەوە هەمیشە لێی دەڕوانێت.
وەرن سەیری لەشکرەکەمان بکەن
ببینن چۆن بە گۆرانی خۆمان پڕچەک کردووە.
لەجیاتی زرێپۆش...شیعری جوانمان لەبەرە تا گولە نەمانبرێت.
هەموو سەربازێکی ئەم لەشکرە جانتاکەی پڕە لە چیرۆک
ئەو دۆشکانەی لەگەڵ خۆماندا دەیبەین...لە جیاتی گولەتۆپ
نووکتە دەهاوێژێت.
بۆیە...بۆیە پەیمان بێت
هەر دیلێک بگرین
لە بەیانییەوە... تا ئێوارە نووکتەی بۆ دەکەین.
پیانۆی بۆ لێ دەدەین

# ئارام کاکەی فەلاح

هەر دیلێک بگرین.. پەیمان بێ.. فێری سەمای دەکەین.
وەرن...وەرن ئازیزان!
ناوی خۆتان لێرەدا تۆمارکەن تا درەنگ نەبووە.
پێویست ناکات خواحافیزی لەکەس بکەن.
چونکە ئەمە شەڕێکە هەموو تیا دەگەڕێینەوە
لە گۆڕەپانی جەنگا...لە خوێناوییترتین چرکەساتدا
لەو ساتەدا کە چەکی تەقێندراوی دوژمنی ئازیز چەند بستێک لە سەرتەوە نزیکە
ئا لەو کاتەدا.. بەڵێ بەڵێ هەر لەو کاتەدا
دەتوانی مۆڵەت وەربگریت و کەی پێت خۆش بێ و چۆنت پێ خۆش بێ
بگەڕێیتەوە
دە وەرن زوو هاوڕێیان!
ناوی خۆتان تۆمارکەن تا درەنگ نەبووە .
ئەم جەنگە دوورودرێژە
داگیرکردنی بەهەشت هەروا ئاسان نییە
وا مەزانن بە پیاسە دەیبەینەوە
ئێمە تەمەنێکمان دەوێ تا دەگەین.
تەمەنێکمان دەوێ تا لە پێکەنین تێبگەین
تەمەنێکمان دەوێ تا داگیری بکەین.
تەمەنێک لە خۆمان تێبگەین.
دەوەرن هاوڕێیان! بەیانی زوو دەڕۆین
لە ڕێگا بیرتان نەچێ چیرۆک بۆ یەکتر بگێرنەوە تا یەکتر ون نەکەین.
دەوەرن! تەنها ئەوە دەبەین خەونەکانی لەگەڵ خۆیدا دێنێت.
ئەوە دەبەین دار نەمامێک لە سەریا رواوە.. بەفر لە دڵیا دەبارێت.



# لەتیف هەڵمەت

## قوبادی جەلیزادە

تەنەکەی خۆڵەکەی ماڵی ،
لەتیف هەڵمەتم هەڵڕژاند
پڕپڕ لەپارچە کاغەزی ئەنجن ئەنجن
کەلەسەر مێزی ژوورەکەم ،
خستمنەوە پاڵیەکتری ، بوون بە کۆترێکی عینوانلی و
هەڵفڕییەوە هەورەبانی ماڵەکەیان
لەبەر مزگەوتی گەورەوە تا دەگاتەوە ماڵ .
دوای دەکەوم
دەزانم زوو زوو ،
مێوژی شیعری لێ دەکەوێ و
تاقەتی نییە بیانخاتەوە گیرفانی.

لەتیف هەڵمەت ،
لەژوورێکی یەجگار بچوکدا، دەخەوێ
کەچی دەریاکان ،
بەتەنیشت قەرەوێلەکەیدا،رەت دەبن
هەموو چۆلەکەکانی دنیا ،
لەناو ردێنی ئەودا ، گۆرانی دەلێن
چایەکم لای لەتیف هەڵمەت خواردەوە
دەم ولێوم بوو بەلانەی ،
زەرنەقووتەی وشەی شیرین
قەیتانی پێلاوەکانی لەتیف .
تاکێکیان ژێی گیتارن ، لینکێکیان ژێی کەناری
هەرکە تۆقەی لەگەڵ دەکەم ،
باسکم دەبێ بە رووباری وشەو سینگم بە چیمەنی شیعر
جارجارە، دەستم دەخەمە گیرفانی ، لەتیف هەڵمەت .
قلە بەرۆژەیەکی وشەی لێ دەدزم و
لەبەر هەتاوی شیعرێکمدا ، دەیقرتێنم
شەوێک لەکۆڵانێکی تاریکدا ،
ئەو پیاوە رووت دەکەمەوە ،
هەرچی لیرەی شیعر هەیە ،لێیدەستێنم
پێش حەزرەتی سلێمان بە هەزار ساڵ ،
لەتیف هەڵمەت ، لاقی لووسی خاتوونە بەلقیسی دیوە
زمانی ، گیانلەبەرو باڵندەو دارو دەوەنی زانیوە
من حەزم لە کضێکی لەتیف هەڵمەت کردووە ،
ناوی ؛ 'پرچی ئەو کجە رەشماڵی گەرمیان و کویستانمە
لەتیف هەڵمەت کاسکێتەکەی داناکەنێ ،
دەنا دەمێک بوو کەرکووک ،
لێوان لێو بوو ، لەپۆلە پەپوولەو کۆتر



# چوارینەیەکی یەک گۆشەیی

## لەتیف هەڵمەت

**-١- ژنەکەی ناو -بێستان-ی سەعدی شیرازی**

سەیری ئاوینەکەم دەکەم
جارجار ژنێکی لێ دێتە دەرەوە
چاویلکەکەم دەخوات و
قەڵەمەکەم دەدڕێ و
دەفتەرەکەم دەشکێنێ و
دەڵێ من ئەو ژنەم
کە لە -بێستان-ەکەی سەعدی شیرازی دا
دوو هەنار و پڕ پێکێک
شەونمم دایتێ
بۆچی لەسەر دەفی سۆفییەکاندا
ناوم دەکێشی و
لەسەر درەختەکانی زرێباردا
وێنەم بە رووتی دەنووسی...
من بێ دەنگیم لێ دەچۆڕێ و
ئیتر ئەویش بارانی بێدەنگی لەبەر دەکات و
لەبەرچاوم دەبێ بە:
سێوێک
قاشی دەکەم و دەیخۆم و
ناوکێکی دەکەوێتە ناو ژوورەکەمەوە و
دەبێ بە درەختێک و
هەر چوار وەرزەی ساڵ
سێو دەگرێ

هەر سێوێکیان قاش دەکەم
ژنێکی لێ دێتە دەرەوە
هەر لەو ژنە دەچێ کە لە بێستانەکەی
سەعدی شیرازی دا.. دوو هەنار و
پڕ پێکێک شەونمی دامێ...

**-٢- کەسێک لە خەیاڵ**

شێتەکە چووە شارێکەوە
پیاوێکی بینی داو بۆ گرتنی باڵندە دەنێتەوە
گوتی: لە شوێنێکدا ناژیم
لە باتی گوڵ و درەخت داو لەزەوی دا بچێنن
شێتەکە گەیشتە ناو دارستانێک
بینی هەندێ کەس درەخت دەبڕنەوە و
دەیکەن بە تیرو کەوان
گوتی لێرەش نامێنمەوە من حەزم لە رەنگی خوێن نییە
شێتەکە روو لە ئەشکەوتێک.. بە چیایەکدا هەڵزنا
چەند کەسێکی دی هەنگوینی کوورە هەنگەکانیان دەدزی
گوتی لە جێگایەکدا پشوو نادەم
زەبرو زەنگ تیادا پێبکەنێ..
شێتەکە گەیشتە بەر دەرگای پەرستگای گوندێک
کوڕێک و کچێک لە گۆڕەپانەکەدا درابوون لە دار و
لەسەر تابلۆیەک نووسرابوو –دڵداری قەدەغەیە-
گوتی لێرەش ناحەسێمەوە.. منیش عاشقم دەمدەن لە دار
شێتەکە چووە ناو مۆزەخانەیەکەوە
هەر هەموویان بێ سرتەو ورتە بوون
داوای جگەرەیەکی لە چەند کەسێک کرد وڵامیان نەدایەوە
هەندێ کەسی راوەشاند..
ببوون بە بەرد و جووڵەیان لێنەدەڕژا
ئیتر تاشەبەردێکی کرد بە بالیف و
لە مۆزەخانەکەدا بوو بە پەیکەرێکی نەناسراو...

## -٣- بەرنامەی هەفتەیەک

شەمە: جەژنی ژن
یەک شەمە: جەژنی یەکدی کوشتن:
دووشەمە: جەژنی جل شووشتن
سێ شەمە: جەژنی خۆشویستن
چوارشەمە: جەژنی مانگرتن
پێنجشەمە: جەژنی دۆستایەتی لەگەڵ دوژمن
شەش شەمە: جەژنی ماچکردن
حەوت شەمە: جەژنی دەمر و چاو هەڵگرتن
هەشت شەمە: جەژنی گوتار گوتن
نۆ شەمە: جەژنی کڕین و فرۆشتن
دە شەمە: جەژنی نانخواردن
هەینی: جەژنی کات لەباربردن
ڕۆژانی پشوو.. و بۆنەکان: جەژنی خەوتن و خەون
جەژن
جەژن
جەژن
جەژن
گشت ڕۆژەکان دەستبەسەرن
ڕۆژێک
نەماوەتەوە
بۆ من
بیکەمر
بە جەژنی:
مردن

## -٤- گەڕان بەدوای خودا دا

- تۆ بەرەو کوێ دەڕۆی
+ بۆ ماڵی خوا...
- ماڵی خوا نە لە کەعبەدایە
نە لە مزگەوت
نە لە کڵێسەدایە نە لە ئەشکەوتی سەر لووتکەکان
نە لە تەکێدایە.. نە خانەقا
بۆ کۆی دەڕۆی..
دوور مەکەوەرەوە ماڵی خوا زۆر نزیکە زۆر
+ لە کوێدایە لە کوێ..
- لەناو دڵی خۆتدایە
+ جا چۆن بچمە ناو دڵی خۆمەوە چۆن
- کێشەکە لێرەدایە
کە تۆ ڕێگای دڵی خۆت نازانی
هەر کە شارەزای ڕێگای دڵی خۆت بووی
ئەوسا بەڵەدی ڕێگای
ماڵی خوا
دەبی..
بۆ دوور مەڕۆ
لە خۆت
دوور مەکەوەرەوە
ماڵی خوا
زۆر نزیکە زۆر
بۆ دوور مەڕۆ
ماڵی خوا
لە دڵی خۆتدایە...

هەوڵنامەی کتێب

# عەشق

ڕێبواری ماندووی تەمەنم
لە هەناسەبڕکێیەکی
ڕوو لە هەورازی سەختایە
مەرگی لوتکە
لە پێشوازی
چرکەیەکی ناوەختایە
...
بەڵام حەزی خۆشەویستیم
هەتا ئێستاش
لە مەشقایە
لە مێرگێکی تەخت و دەشتا
لەگەڵ فریشتەی سروشتا
لەعەشقایە
کەلەبچەی پەرییەکانیشی
لە ناو مەچەکیدایە هێشتا
...
ئەی ئەو ناسکۆڵەی
بۆت خولیام
جمکێ گوڵاوی هەناسەت
هەر جمکێ
تا هەڵیمژم بۆی گوڵی
لێوە ئاتەشیەکانت
چونکێ
مەلی ڕۆحم تامەزرۆیە
لە سایەیدا هەڵتروشکێ
...
ئەو لێوانەش
کە پێی دەدوێیت
هەر گوڵ وشەیان لێ دەتکێ
لە گەڵ هەڵاڵەکانیدا
زۆر بە کپی دەوەرێت
ڕەوە پەپولەی باڵ سپی
شیعری شەیدات
بۆیان بفڕیت و شوێن بگریت
هەر ئەو ساتە ئارام دەگریت



جەمال شاربازێڕی

هەواڵنامەی کتێب

# لەسەر ڕووی پەلکەزێڕینە

**دڵشاد عەبدوڵڵا**

**قەڵەڕەش**

ئەو باڵندەیە دەنگی ناخۆشە؟ شێوەی ناشیرین؟ لای من وا نییە
بەراوردی کە،
هەرچی باڵندەی لەم چەشنە هەیە خڕیان کەیتەوە
ناکا داعشێک! بە سەروسیماو ئاڵای ڕەشیەوە

هەواڵنامەی کتێب

**جەلەولا**

شارێک نییە لە سەرمانگ
بەرزاییەک نییە لە قاف
ئێسقانێکە لە پەراسووم، سنگی منی پێ دەشکێ

## وڵاتی من ...

وڵاتی من
کچێکی ئێزدییە لە بازاڕی موسڵ
ژنێکی کریستانە لە حەوشەی مزگەوتێکا
خێزانێکە بە پشتی تراکتۆرێکەوە
شاهۆیەکی بێچوو ون بووە بە بەرزاییەوە
چی تر بە جوانی سروشت ناخڵەتێ
ڕما خەونی قەڵای بەرزی
شکا دەرگای
وڵاتی من!

هەوادانامەی کتێب

## نوێژی کوردی

نوێژدەکەم بۆ تیشکی ڕۆژ
بەردی بریسکەی « چل مێرا » ماچدەکەم
چوارشەممەیەک
هاواری ڕۆژدەکەم، هاوار!
ئامین

# هەر ژنێک درەختی خۆی دەناسێتەوە

## بەژان ماتوو

لە تورکییەوە: سەلاحەدین بایەزیدی



بەژان ماتـوور، ڕۆژنامەنـووس، گۆشـەنووس و شـاعیری هاوچـەرخ و نـاسراوی بـە ڕەچەڵەک کـوردی تورکیـا، سـاڵی ١٩٦٨ لـە گوندێکـی سـەر بـە شـارۆچکەی پازارجیکـی پارێـزگای مـاراش لەدایـک بـووە. قوتابخانـەی ناوەنـدی و دواناوەنـدی لـە گازی عەنتـاب تـەواو کـردووە و دەرچـووی بەشـی حقووقـی زانکـۆی ئەنقەرەیـە. سـاڵی ١٩٩٧، یەکـەم کۆمەڵـە شـیعری بـە نـاوی «کاروانسـەرای تـەژی بـا» بـڵاو کردۆتـەوە و پێشـوازییەکی بەرچـاوی لێکـراوە، بـە شـێوەیەک کـە ماوەیـەک دواتـر خەڵاتـی ئۆرهـان مـوراد ئاریبوورنـوو و خەلیـل کۆجاگـۆز بـۆ شـیعری وەرگرتـووە. شـیعرەکانی بـۆ نزیکـەی بیسـت و پێنـج زمـان وەرگێـڕدراون.

سـاڵی ٢٠١٠، کتێبێکـی لەژێـر سـەردێڕی «ئەودیـوی چیـا» چـاپ و بـڵاو کـردەوە کـە تایبەتـە بـە پرسـی کـورد و لەنێـو ناوەنـدە ڕۆژنامەوانـی و ڕۆشـنبیرییەکانەوە مشـتومڕێکی زۆری لێکەوتـەوە. دوایـن کتێبیشـی کـە کۆمەڵـە شـیعرە بـە نـاوی «دوا چیـا»، مارسـی ٢٠١٥ لەلایـەن وەشـانخانەی «ئێڤێرێسـت» چـاپ بـووە.

بەژان ماتـوور، لـە وتوێژێکـدا لەگـەڵ گۆڤـاری «ئێگۆیسـت»، سـەبارەت بـە دوایـن کۆمەڵـە شـیعری نایشـارێتەوە کـە سیاسـەت و ئـازارە کۆمەڵایەتییـەکان لـە شـیعرەکانیدا ڕەنـگ دەداتـەوە و سـەبارەت بـە نووسـین بـە زمانـی کـوردی دەڵـێ: «زمانـی کوردیـی ئـەو شـوێنەی ئێمـە قسـەی پـێ دەکەیـن، لەگـەڵ زمانـی سـتانداردی کـوردی جیاوازییەکـی زۆری هەیـە. وەک جیاوازیـی ئینگلیـزی ئیرلەنـدا لەگـەڵ ئینگلیـزی سـتاندارد.» ماتـوور هەروەهـا دەڵـێ: «لـە گرتووخانـە دەسـتم بـە فێربوونـی ڕێزمانـی کـوردی کـرد. هـەر لـە گرتووخانـەش بڕیـارم دا شـیعر بنووسـم. دوانـزە شـیعرم بـە زمانـی کـوردی هەیـە و وەک بیلبیلـەی چـاوم لـە وانـی تـر هەڵیانداوێـرم.»

هەواڵنامەی کتێب

(١)

تەنیایی

بۆ بەردەکانیش پێویستە تەنیایی.
بۆ دار زەیتوونەکان و
نێو ماڵە حەشاردراوەکانی ژێر سێبەری تاریکیش.

(٢)

هەر ژنێک درەختی خۆی دەناسێتەوە

کە بێمە لات
دەمویست باڵەکانت،
لەسەر ئەو شارە چۆلەی وا
بە بەردی ڕەش داپۆشراوە،
بکەیتەوە،
لەسەر لق و پۆپی دارێ بنیشمەوە و
بە ژانەوە هاوار بکەم.

هەر ژنێک درەختی خۆی دەناسێتەوە.

ئەو شەوە فریم.
لەو شارە ڕۆیشتم کە لە چوونە ناو تاریکی دەترسا.
کە سێبەر نەبێ، ڕۆح تەنیایە.

هەواڵنامەی کتێب

(٣)

نە شەو
نە ئاگر
چاوەڕوانیش نەکەوتۆتە نێوانمان..
تەنیا چیایەک هەیە و بەس.

(٤)

دەبوایە لێک جوێ ببینەوە
لە دەسپێکی ڕێگەیەکدا.
بەڵام کێ سەرەتا

کێ دەترسا
لە ڕێ
لە شەو
لە سواری پیر.
نۆرە نەبوو لەنێوانمان
بۆیە هەڵدەلەرزین هەر سات و ئان.

من لە دوایە مابوومەوە
لەبەردەمم ڕێگەیەکی ڕاکشاوی باریک
ئیتر ڕێبوارێکی ڕێی ژیان بووم
هێز وەرگرتوو لە ئێش و ژان.

(٥)

دایکمان بوو بە درەختێ
هەموو زستانێک ون دەبوو و
سەری هەڵدەداوە بەهاران

بێشەڵانێ بوو ئەو، خاڵی کوتراوی هەبوو
ناڵینی دەگەیشتە گوێمان.

(٦)

خۆرێکی مردوو

بە جەستەی خۆرێکی مردوو
شەوم هەڵکۆڵی و
خستمە نێو دڵمەوە.

کتێبخانەی هەولێر

# شیعری گۆرانیەک، دەربارەی هیوا


**فێرناندۆ پێسوا**

**وەرگێڕانی: زاموا محەمەد**




١

لیلیانم بدێ، لیلیان،
گوڵەباغیش.
بەڵام گەر لیلیان
یان گوڵەباغت نییە تا پێم بدەی،
لانی کەم ویستت هەبێ
کە لیلیان و گوڵەباغم پێ بدەی.
ویستەکە بەسە،گەرویستت هەبێ
لیلیان و گوڵەباغم بدەیتێ،
من لیلیانم دەبێ-
باشترین لیلیان و باشترین گوڵەباغم دەبێ
بەبێ وەرگرتنی هیچ شتێک
جگە لە دیاری ویستی تۆ
بۆ پێدانی لیلیان بە من
گوڵەباغیش.

٢

ئەو کراسەی لەبەرت دایە
یادگاریە بۆ دڵم.
زۆر لەمەوبەر کەسێکی تر نووسی-
من هەرگیز ئەوم نەدیووە
بەڵام لە یادمە.
هەموو شتێک لە ژیانا
بە یادگاری کار دەکا.
ژنێک دەمانبزوێنێ
بە جووڵەیەک کە دایکمان وەبیر دێنێتەوە.
کچێک شادمان دەکا
کە وەک خوشکەکەمان دەپەیڤێ.
مناڵێک دەرمان دەکات لە غەفڵەت،
چونکە کاتێک گەنجبووین
ئافرەتێکمان خۆشویستووە وەک ئەو،
بەڵام نەمانتوانیوە قسەی لەگەڵدا بکەین.
هەموو شتێک کەمر تا زۆر ئاوایە.
دڵ بە داچڵەکین دەجووڵێ.
ژیان واتا چاوپێنەکەوتن لەگەڵ خۆت.

هەواڵنامەی کتێب




لە کۆتایی هەر هەمووشیدا،
گەر ماندووبم، دەنووم.
بەڵام حەز دەکەم بتناسم و قسە بکەین.
دڵنیام کە باش ڕێدەکەوین، تۆ و من.
وەلێ گەر یەکترمان نەناسی،
من ساتەکە هەڵدەگرم
کە تێیدا وامزانی یەکتر دەناسین.
من هەموو شتێک هەڵدەگرم-
هەموو ئەو نامانەی نووسیومن،
هەموو ئەو نامانەی نەمنووسیون،
خوای مەزن، خەڵک هەموو شتێک
هەڵدەگرن، بخوازن یان نەخوازن،
کراسە شینەکەت، خودای من،
گەر بتوانم بەکاری بێنم
تا کێشت بکەم بەلای خۆمدا.
ئێ خۆ هەموو شتێک دەکرێ ڕووبدا...
ڕیکاردۆ ڕییس با، دەیگوت-
تۆزۆرلاوی،زۆرپرگەنجییت،
ڕوئیاشم بۆ تۆ، بە واتای وشەکە
دەتەقێتەوە،
لەسەر لمەکە ڕادەکشێم و
ئاستنزامانە پێدەکەنم.
بەنەفرەتبێ، هەستکردن ماندووت دەکا و
ژینیش ئەو دەمە گەرمە
کە خۆر بە ئاسمانەوەیە.
شەوشاد لە ئوستراليا!

هەواڵنامەی کتێب



١

هەموو نامە ئاشقانەکان بێمانان.
نامەی ئاشقانە نەدەبوون
گەر بێمانا نەبوونایە.

منیش وەختی خۆی نامەی ئاشقانەم نووسیوە،
وەک ئەوانی تر،
بێمانا بوون.

نامە ئاشقانەکان، گەر ئەشقیان تیابێ
هەر دەبێ بێمانابن.

بەڵام دواجار، تەنها ئەوانەی
نامەی ئاشقانەیان نەنووسیوە،
بێمانان.

ئاه، ئەو کاتەش
کە من بە بێ بیرکردنەوە
دەمنووسین،
هەر بێمانا بوون.

لە ڕاستیدا
یادگاریەکانی ئەمڕۆم دەربارەی ئەو نامانە،
بێمانان.

(هەموو وشە زیادەڕۆکان،
وەک هەموو هەستە زیادەڕۆکان،
سروشتییانە بێمانان)

٢

حەقیقەت، درۆ، گومان، یەقین...
ئەو کابرا کوێرەی سەر ڕێگاکەش
ئەم وشانە دەزانێت.
من لەسەر دوا پلەی پلیکانەکان دانیشتووم و
دەستەکانم لەودیو ئەژنۆ وێککەوتووەکانمەوە
ناوەتە نێو یەک.
کەواتە حەقیقەت،درۆ،گومان،یەقین چین؟
کابرا کوێرەکە لەسەر ڕێگاکە دەوەستێت،
من دەستەکانم لەسەر ئەژنۆکانم لێکاڵا دەکەم.
حەقیقەت، درۆ، گومان، یەقین وەک خۆیانن؟
شتێک لە بەشێکی واقیعدا گۆڕا-
دەستەکانم و ئەژنۆکانم.
زانست چی دەربارەی ئەمە دەزانێت؟
کابرا کوێرەکەی بە ڕێی خۆیدا دەڕوات و
منیش هیچ جووڵەیەکی دی ناکەم.
ئێستا هەمان دۆخ نیە، هەمان کەسەکانیش نین
هیچ شتێک وەک خۆی نیە.
ئەمە دەبێتە حەقیقەت.

٣

چی؟
من لە گوڵێک بەهادارترم
چونکە ئەو نازانێت ڕەنگی هەیە و من دەزانم،
چونکە ئەو نازانێت بۆنی هەیە و من دەزانم،
چونکە ئەو ئاگای لە من نیە و من ئاگام لەو هەیە؟
بەڵام شتێک پەیوەندی چیە بەوی ترەوە
تا وابکات ئەو زیاتر یان کەمتر بێت؟
من ئاگام لە ڕووەکەکە هەیە و
ئەو ئاگای لە من نیە.
بەڵام گەر ئاگاداربوون هەبوونی ئاگاییە،
چی تیایە گەر ڕووەکێک توانی قسە بکات؟
ڕەنگە بە من بڵێت: ئەی بۆنی تۆ؟
ڕەنگە پێم بڵێت: تۆ ئاگاییت هەیە،
چونکە ئاگایی تایبەتمەندیەکی مرۆییە و
منیش نیمە تەنها لەبەر ئەوەی گوڵم.

هەوالنامەی کتێب

گەر وا نەبوایە پیاو دەبووم.
من بۆنم هەیە و تۆ نیتە
چونکە من گوڵم...

بەڵام بۆ من خۆم لەگەڵ گوڵێکدا بەراورد دەکەم
گەر من منبم و
گوڵیش گوڵبێت؟

ئاە، با هیچ بەراورد نەکەین،
با بڕوانین.
با لێکۆڵینەوە و مەجاز و چواندن وەلانێین.
چواندنی شتێک بە شتێکی دی
لەبیرکردنی ئەو شتەیە.
هیچ شتێک نیە
شتێکی ترمان بێنێتەوە یاد
گەر باش لێی وردبینەوە.
هەموو شتێک ماهیەتی خۆیمان دێنێتەوە یاد و
تەنها ئەوەشە کە شتەکانی تر نین.
حەقیقەتی بوونی جیای دەکاتەوە لە شتانی دی.
(هەموو شتێک هیچە بە بێ شتێکی تر کە ئەو نەبێت)



هەواڵنامەی کتێب

٤
من تێناگەم
چۆن کەسێک دەتوانێت
خۆرئاوابوون بە غەمناک بزانێت.
ڕەنگە لەبەر ئەوە بێت
کە خۆرئاوابوون کازیوەی نیە.
بەڵام گەر خۆرئاوابوون بێت
چۆن دەتوانێت کازیوە بێت؟



# لە پیاسەوە تا شەراب

## هەوڵی خوێندنەوەیەکی خەیاڵناسیانە..

**توانا ئەمین**

**«بترسە لەوەی کە دەڵێ ئاسمان سنووردارە، چونکە ئەو خەیاڵی سنووردارە»**

**ئۆسکار وایڵد**

**«سەرەتا وشە هەبوو»** ئەو ڕیزبەندییە کرۆنۆلۆژییە هەڵدەوەشێنێتەوە کە پێش **(کات)** چی هەبووە..! ئەم حوکمە پێشوەختە؛ ناچاری قسەکردن لە شتێکی ترمان دەکات کە خەیاڵە.. قسەکردن لەبارەی خەیاڵەوە قسەکردنە لە دژوارییە، دژوارییەک کە تێیدا نووسین و ئاخاوتن کەرەستەیەکی گونجاو نین بۆ ناسکردن و ئێرا پنتێکە لەو وێستگا سنوریانەی ڤیتگنشتاین واتەنی؛ زمان بە ناچارییەوە تێیدا دەوەستێ.

**سارتەر لە (بوون و نەبوون)**دا دەنووسێت: **«خەیاڵ بریتییە لە جیاوازیی نێوان درک کردن و وێناکردنی ئەسپێک لەسەری هەریەکەماندا»**، بە باوەڕی بچکۆلانەی من؛ خەیاڵ وێناکردن نییە، بەڵکو بینینی ئەسڵی وێنەکە خۆیەتی، وێنەیەکی سێنسی شتێک، کە نییە..! کتێبە ئاسمانییە گەورەکان ئەندێشەی هێجگار واڵای خودان و سەرشارییان لە خەیاڵ، ڤیزای تەمەنی درێژییان بووە لەو هەموو ساڵادا.. شارە گەورە و شەقامە بەیەکداچووەکان بەر لەوەی شوێن بن، خەیاڵی سەری ئەندازیارەکانن.. هێڵە درێژەکانی ڕێی ئاسن، کەشتیی زەبەلاحی ناو زەریاکان، ئاسمانگەڕە گەورەکان، فڕۆکە بێ فڕۆکەوانەکان لە بۆشاییدا.. هەموویان بەرلەوەی مادەی خاو بووبن، خەیاڵی خاو بوون.

خەیاڵ هەر کێشەیەکی کۆنسێپتوێلی ناو زانستی بەلاغە نییە، لەدەرەوەی دونیا بێت، بەڵکو تەواوی ئیمکاناتە بێ سنورەکانی ئێمەیە لە دونیادا.. ڕامان لەو پارادایمەی کە خەیاڵ دونیاییە و لە دەرەوە بۆ ئێمە نەهاتووە، هەم خەیاڵی ئاینی لە چاپە یۆتۆپییەکەیدا پووچ دەکاتەوە و هەم جەخت لە مرۆڤبوون وەک شتێکی پەیوەست بەم زەوییە تەنیایەوە توند دەکات.. ئەوەی کۆمەکی کەسێک دەکات لە دۆزەخە خوێناوییەکانی نیشتمانەکەیدا لە **سوریا** بژی و بەردەوام بێت؛ خەیاڵی گۆڕینی نیشتیمانێتی بۆ سەر بەهەشت، یان **تەیب ساڵح** واتەنی خەیاڵی کۆچێتی بۆ باکور، ئەندێشەی پیشەسازیی دروستکردنی فیردەوسە لە خاکەکەیدا.. ئاوها خەیاڵ جێ دەستێکی سەنگینی هەیە لە دروستکردنی نەتەوەدا، لە مانەوەی مرۆڤ لە شوێنێکدا و قبوڵکردن و دروستکردنی ئەو هەموو دۆزەخەی ناوی وەک ڕێگایەکی پەڕینەوە بۆ خودی بەهەشت..

***

ئەگەرچی لە پرۆسەی دروستکردنی منداڵدا، ئینسان بە بازدانێکی باوەڕنەکردە و بەرپەرچێک شوێنگەکەی لە مەخلوقەوە بگۆڕێت بە خالیق، کەچی هێشتا ئەوەی ڕیشەی ئەم ئادەمیزادە دەباتەوە سەر پاوەرێکی میتافیزیکی، منداڵ دروستکردن نییە، بەڵکو؛ توانایەکی گەورەترمانە کە بریتییە لە هێزی خەیاڵکردن و لەخۆیدا لە سیفەتە هەرە گرنگەکانی خوداشە..

ڕاسیونالیسەتەکان لە دونیای مۆدێرندا؛ ئەم توانای خەیاڵکردنەمان دوای فیلتەرگەلێکی زۆر، پاش بە سیستماتیک کردن، وەک بەرهەمی عەقڵ پێ دەفرۆشنەوە و ئەهلی ئیمان وەک چاوی ڕۆح.. بەڵام خەیاڵ زیندەوەرێکی میتافیزیکی نییە، ئەگەرچی موعجیزەش بخولقێنێت، هێشتا

قاچێکی لەسەر زەوییە، مێتاڵەکانی دەوروبەر لە خەیاڵدا بە فۆرمی تر دێنەوە، گەرنا هەر ئەوانن، هەر خۆیانن و خۆیان گۆڕیوە. بۆیە لە هونەری سوریالییشدا کە بانگەشەی داهێنان لەناو نەستی پەتیدا دەکات؛ قسەکردن لە خەیاڵی بێگەرد و ئەبستراکت، بێ فۆرم و فیگەرەکانی دونیای ڕیاڵ، بەو گشتاندنە ڕەهایە و لە کۆنتێکستێکی هێندە فراوان و کراوەدا تەواو بەتاڵە.. ئەوەی دالی لە جیهانی سوریالیەتدا دای هێنا، کەرەسەتەی دەرەوەی دونیا نەبوو، لە تابلۆکانی ئەودا کەشتیی و کاتژمێر و پڵنگ و ماسیی و فیل و ئەسپ و ڕوخسار هەن، بەڵام فۆرمیان بە شێوە باوەکە تێکشکاوە..

ڕوونە کە خەیاڵ شتێکە تەنیا لە ئێمەدا هەیە، لێ پرسیارێکی شاعیرانەش نییە، ئەگەر بپرسین تۆ بڵێی خۆمان خەیاڵی کەسێ.. شتێکی تر نەبین..؟ ئەو ڕۆژە لە کوێیە کە خاوەنی ڕاستەقینەی ئەم خەیاڵە سەر ڕادەوەشێنێت و ئێمە وەک تەمێکی سپی تەنک دەرەوینەوە..!

ئێستا ئیتر نمونەی خەیاڵ وەک گیانلەبەرێکی زەمینی بۆ مەسەلەی نابینایەکی زگماک و وێناکردنی ڕەنگ لەسەری خۆیدا، هەر ڕاستە.. ئەو هەرگیز لەم تاقیکردنەوەیە دەرناچێت، چونکە پلەی زانین و ناسینی لە بەرانبەر شتێکی وەکو ڕەنگدا؛ سفرە.. بۆیە بە باوەڕی بچکۆلانە من؛ خەیاڵ ئەگەر توانای دۆزینەوەی دونیای تریشی هەبێت، ئەگەر نامومکینەکانیش مومکین بکات، ئەوە هێشتا هی ئەوەیە، کە لێرەوە و لەسەر زەوی و لەسەری بونەوەرێکی بچکۆلەی وەکو مرۆڤدا دەتروکێ.

***

خەیاڵ کارگەی بەرهەم هێنانەوەی ڕیاڵە لە فۆرمگەلێکی تردا، پیشەسازیی دروستکردنی دونیایە بە یاساکانی فیزیکێکی تر.. ئەوکاتەی **ڕۆبن ویلیامز** لە ڕۆڵی دکتۆر نیلسن لە فیلمی (What Dreams May Come)، دەستی بە گوڵەکانی بەهەشت ڕەنگاوڕەنگ دەبێت، ئەوە ساتی بەرکەوتنی ئێمەی ڕیاڵە بە باخێکی سێنسی و لوتکەی پەیوەندی گرتنە بە مێتاڵێتە بنچینەییەکانی خەیاڵەوە.. لە ڕاستیدا ڕەنگە خەیاڵ خودی واقیع بێت، بەڵام واقیعێک کە هێشتا هەلومەرجی هاتنی بۆ نەلواوە. ئەوەی خەیاڵ وا نهێنیئامێز و مەرموز دەکات ئەو ناگرەنتی هاتنەیەتی بۆ جیهانی ڕیاڵ، بۆیە یەکەم کەس کە دەگاتە مانگ ئارمسترۆنگ نییە، بەڵکو ئەو کەسەیە کە یەکەمجار خەیاڵی چوونە سەر مانگ دەکات.. ئەوەی سێپتیمبەریکی تر دروست دەکات، پیاکێشانی فڕۆکە نییە بە هەوربڕەکاندا، خەیاڵی پیاکێشانی فڕۆکەکانە بە هەوربڕەکاندا.. بەم شێوەیە خەیاڵ هەمیشە جێگا گرتنێکە لە داهاتوو.. ئەوەی مێژوو دەجوڵێنێ هێزی خەیاڵە، نەک باسکی کرێکار وەک مارکسیزم بانگەشەی دەکرد، لە ڕاستیشدا ئەوەی ئایندەش بونیاد دەنێت هەر خۆیەتی.

لای ئەرستۆ خەیاڵ پردێکە لە نێوان وێنە و ئایدیادا پردێکی مائیلیشە لە خودی کاتدا، خەیاڵ مەلێکی تێژڕەوە لە ڕابردووە وە بە ئێستادا بۆ داهاتوو.. هەموو خەیاڵێک و بێ ئاوارتە ئەم دۆخە زەمەنیانە دەبڕێ.. لەم ڕەوگەیەدا ئاراستەکردن لە یەکەمیانەوە بۆ دووەم کاری پۆپلار و عامەپەسەند و لە دووەمیانەوە بۆ یەکەم، کاری هونەر و لە یەکەمیانەوە و بە تێپەڕاندنی دووەم و ڕاستەوخۆ بۆ دۆخی سێیەمی زەمەن، کاری بلیمەتەکانە.. لێ پەیوەندیگرتنی توند لەگەڵ خەیاڵ، ئەگەر نەبێت بە هونەر، ئەگەر نەیەتە دەرەوە و لەسەر نەخشەی واقیع جێ نەگرێت، سەریەشەیەکی گەورەیە بۆ خاوەنەکەی، هەموو شێتەکانی ناو مێژووی مرۆڤایەتی قوربانییەگەلێکن کە بێ زیان لەم دۆستایەتییە گەرمەی خەیاڵی خۆیان دەرنەچوون.. خەیاڵ جێگایەکە لە قووڵایی وجودی هەریەکەماندا کە تەنیا ژمارەیەکی کەمی خەڵک دەتوانن ڕوناکیی لێی هەڵگۆزن.

پەیوەندی نێوان خەیاڵ و مۆراڵی گشتیش لە پارادۆکسێکی قووڵدا دەژی و بەردەوام لەسەر تەرمی یەکتر خۆیان ئەپدەیت دەکەنەوە، ئەوەی نووسەرەکانی تێدان؛ سەر مەرزی خەیاڵ و واقیعە.. بۆیە زۆرجار لە ژیانی کۆمەڵایەتیان -کە ئەستونگەکانی وا لەواقیعدا- سەرکەوتوو نابن، لە **کیرکەگۆر** بڕوانە، لە **کافکا**، کە نمونەی دۆڕاندنی ژیانی خێزانین لە پێناو خەیاڵیاندا، سەیری **دیستۆیڤسکی** و **ژان ژینییە** بکە، **دی ساد** بخوێنەرەوە، **کامیلۆ خۆزێ سێلا.. سۆدێربێرگ؛** پیاوگەلێک لە خەیاڵی خۆیان شەرابی خوێن دەدلۆپێنن.

***

باسی شەرابمان کرد، **خیام** گوتبوی شەراب تەنیا شتی دونیایە کە تاریک و ڕوونە پێکەوە، لە ڕاستیدا ئەم حوکمە بۆ خەیاڵیش لەنگ نییە.. پەیوەندی نێوان شەراب و خەیاڵ پەیوەندییەکی دێرین و تاریکە، لە مێژووی هەزاران ساڵی تەمەنی شەراب و خەیاڵدا، ئەوەی ڕوونە تەنیا ئەوەیە؛ کە دووەمیان یەکەمیانی دروست کردووە و دواتر وەک زنجیرەیەکی بەدوایەکدا هاتوو و هاودژ، ئێستە بە ڕۆژانێک گەیشتوون کە هاوکێشەکە پێچەوانە بۆتەوە و بە ئاسانی شەراب دەتوانێت خەیاڵ دروست بکات. ئەمڕۆ تاقیگە و سەنتەری گەورەی شەرابناسیی لە دونیادا هەیە، لە فرانسا ژمارەیەک خەڵک بە هۆی مەهارەتی زمانیان لە تامدۆزی و چەشتن؛ لە تاقیکردنەوەی شەرابدا، قووتی ڕۆژانەی خۆیان دەچڕن.

**بەڵام ئەی چۆن بتوانین خەیاڵ چێژ بکەین..؟**

خەیاڵ ئەوەندە توناوتوونە بەتەنیا کەمارۆدانی لە کۆلێژ و قەتیس کردنی لە ڕشتەیەکدا، داد نادا و بیرکردنەوە لە ناسین و ڕامکردنی خەیاڵ مادام بیرکردنەوەیە لە خودی خەیاڵدا، بەداخەوە هیچ کات ناگاتە ئەنجام، بە لۆژیکی قەدیم ئێمە هەڵەکە لەویادا دەکەین کە دەمانەوێت بە هەمان کەرەستەی شتێک خودی شتەکە بناسین و ئەمەش بۆ هاتنە تەعریف، ڕێگایەکە تا دڵ حەزبکات هەڵەیە.

من خەیاڵ تەواو وەکو شەراب سەیر دەکەم، پایەی شەراب لە ئەدەبیاتی عیرفانییدا، وەک پایەی خەیاڵ، مەقامێکی بڵندی ناو تووناوتوونی مەغزە کە حاڵیی بوون لێی تەنیا کاری (**مەستانە**)یە..! لە ڕێسا سەرەتاییەکانی دروستکردنی شەراب و خەیاڵیشدا واهاتووە؛ بۆ ئەوەی باش بگەن، دەبێ هەوایان بۆ نەچێت.. دەبێ ماوەیەکی باش لە شوێنی خۆیان بمێننەوە، هەردووکیان کاتیان پێویستە، هەردووکیان تەنیایی، هەردووکیان خۆیبوون، جەوهەری خەیاڵ و جەوهەری ئەم نووسینە کورتەش دەیەوێت لەسەر ڕامان لە ماوەی نێوان مانەوە و جوڵاندن بووەستێت.

***

هەنوکە خەریکم دەڵێم پیاسەکردن جوڵە و جێگۆڕکێیە بە خەیاڵێکی نیشتوو تا ببێت بە شەراب.. **ئەنیشتاین** هەر ئەو پیاوەی خەیاڵی لە زانین پێ گەورەتر بوو، (**تیۆری ڕێژەیی**) لە ڕێ ڕۆیشتندا دۆزییەوە، **سپینۆزا** گەڕاڵی ژێر پەردە نزمەکانی ئەمستردام بوو.. **هایدگەر** لە پیاسەی دارستانی ڕەشدا (**بوون و کات**)ی نووسیی، **نیتشە** پاش هەڵزنان بە چیاکانی ئەڵپدا (**وەهای گووت زەردەشت**)ی نووسیی.. **پاموک** بە پیاسەی نیوەشەوانی قومقاپی و ئەمینونودا (**ناوم سووره**)ی تەواو کرد.

فافۆرێتی من پیاسەیەک بەتەنیایە.. پیاسەیەک بە پێ.. تۆ بە دووچەرخەیەکی کۆن بڕۆ و ئەو بە ترۆمبیلێکی شڕۆڵە.. کەسێکی تر بە شەمەندەفەرێکی پیر.. ئەگەر ئەمەی دواییان من بووم، وەک هەمیشە لە کورسیی پێچەوانەی ئاراستەی ڕۆیشتن، لە تەنیشت پەنجەرەکەوە دادەنیشم.. با دەنگی هەوا، لە کونۆچکە ژەنگاوەیەکانی کۆپاکەوە، وەک جێ چەقۆی هەڵکێشراوە لە قوڕگی دڕاوی پیاوێکدا، مینا لوورەی بایەکی دوور بێتە گوێ، فەرامۆشی بکە.. کە قەتار لۆژەلۆژ بەسەر سکەی ژەنگاوی ئاسندا خۆی دەخشێنێ، تۆ دونیای جێهێڵراوی ڕاستەقینە لە پەنجەرەکەوە دەبینیت، بۆ یەک سات، ساتێکی کورت، تۆ و دونیا دەدەن بەلای یەکدا و هەردووکتان بەهەمان خێرایی لەیەکتر دوور دەکەونەوە.. ئەمە هەوڵی مەلەیە لەو شەتی شەرابەی کە حافز وتبوی، لەو ڕووبارە ڕاستەقینەیەدا کە خەیاڵە.

# لەگەمەی زمانەوە بۆ گەمەی تەکنیک

## خوێندنەوەیەك بۆ کتێبی «حەزدەکەم ئەوەندە بژیم» ی سەباح رەنجدەر

**ئارام سدیق**



**سەرەتا**

هەندێك شاعیر تەنها دەیانەوێت شیعر بنووسن و نایانەوێت شاعیر بن، وەلی هەندێکی تر لەگەڵ ئەوەی شیعر دەنووسن هاوکات دەشیانەوێت شاعیریش بن. شیعر مەرج نییە هەمیشە شاعیرەکان بینوسن، بەڵکو دەکرێت لە چرکەساتێکدا کەسێك شیعرێکی جوان بنووسێت، وەلێ ئەوە شاعیر نییە. شاعیر لای من ئەو کەسەیە، کە ژیانی بە شیعر دەبەخشێت و شیعر نووسین خەمی سەرەکییەتی و زۆربەی کاتەکانی بە خوێندنەوەی شیعر و وردبوونەوە لە شیعر و بیرکردنەوە لە تەکنیکی شیعر بەسەردەبات تا ببێتە «شیعرساز». شاعیری راستەقینە ئاگادارێکی تەواوی شیعرە، لای ئەو ئیلهام بەشێکی سەرەتایی پرۆسەی شیعر نووسییە و بەشەگرنگەکەی پاش نووسین دەست پێدەکات، کە خۆی لە گەمەی زمانی و تەکنیك و ئەفراندنی فەزای شیعریدا دەبینێتەوە.

ئەگەرچی ئەدەبی هەموو میللەتێك شیعری زۆرە، بەڵام هەمیشە ژمارەی شاعیر زۆر کەمتر بووە لە شیعرنووس. لەنێو ئەدەبی کوردییدا بەتایبەت پاش روانگە تەنها چەند شاعیرێکی راستەقینە دەبینین، کە تەواوی تەمەنیان بە شیعر بەخشیبێت. «سەباح رەنجدەر» لەو شاعیرانەیە، کە ژیانی بە شیعر بەخشیوە و هەر لە یەکەم دیوانە شیعرییەوە لە هەوڵی خۆجیاکردنەوە و چێکردنی دونیایەکی تایبەت بە خۆیدا بووە. ئیتر ئەو دونیایە بە کاری خوێنەری کورد هاتووە، یان نا ئەوەیان قسەیەکی ترە، بەڵام ناکرێت باس لە شیعری نوێی کوردی بکەین و «رەنجدەر» فەرامۆش بکەین. ئەزموونی شیعریی «رەنجدەر» لە هەر کتێبە و جۆرێك کارکردن و دونیابینی خراوەتەڕوو، کە سەرجەمیشیان بە هێڵێکی شیعری بەیەکەوە بەستراونەتەوە، کە بۆن و بەرامەی رەنجدەر خۆیەتی. ئەو مۆری خۆی لە دەقەکانی دەدات. ئەو دەژی بۆ ئەوەی شیعر بنووسێت. ئەو ژیان و بوونی ئاوێتەی شیعر دەکات و دەیەوێت خۆی و ئەوانی دی لەنێو دەقەکانیدا رەنگرێژ بکات. لە خوێندنەوەی کۆی ئەزموونی ئەم شاعیرەدا هەست بەوە دەکەین، کە ماڵی ئەو لەنێو شیعردایە و ئەو بێجگە لە شیعر ماڵی دیکە شك نابات.

هەواڵنامەی کتێب

ئەم نووسینە هەڵوەستەیەکی کورت، یان خوێندنەوەیەکە بۆ نوێترین دیوانە شیعری بە ناوی (حەزدەکەم ئەوەندە بژیم) کە دیسان ئەمەش تایبەتمەندی خۆی هەیە، بۆیە ئێمە بە پێویستمانزانی هەڵوەستەی لەسەر بکەین.

### توانەوەی خود شیعردا

شیعر یەکێکە لەو ژانرانەی زۆر خودییە، ئەگەرچی ئەمە بەو مانایە نییە ژانرە ئەدەبییەکانی تر خودی نییە، یان دوورن لە خودەوە، یان شیعر لە خود دوور ناکەوێتەوە، بەڵام دەمەوێت بڵێم مەبەستم لە خودیبوونی شیعر لەم نووسینەدا ئەوەیە، کە خودی شاعیر ڕەنگدانەوەیەکی بەرچاوی لەنێو تێکستەکەدا هەبێت. هیچ تێکستێك نییە ڕەنگدانەوەی بەشێك لە ژیان و بوونی نووسەرەکەی نەبێت، بەڵام ئەم ڕەنگدانەوانە لەنێو نووسەراندا دەگۆڕێت و لەنێو تێکستەکانی شاعیرێکیشدا دووبارە دەگۆڕێت.

ئەم دەقەی ڕەنجدەر (حەزدەکەم ئەوەندە بژیم) یەکێکە لە خودیترین دەقەکانی ئەم شاعیرە. هەرچەندە من هەست بەوە دەکەم، کە زۆرێك لە دەقە شیعرییەکانی ڕەنجدەر لە ئیحساسێکی تەواو خودییەوە سەرچاوە دەگرن، بەڵام لەم دەقەدا خودیبوونەوەی دەقەکە دەگاتە سنوورێك کە زیادەڕەوی نابێت بڵێین کە خودە ئەفرێنراوەکەی نێو تێکستەکە، خودی سەباح ڕەنجدەرە. ئەگەر سەرنج لە ناونیشانی شیعرەکە بدەین دەبینین خودێکی قسەکەر دەیەوێت ئەوەندە بژی؟ کە زیاتر لە تێکستەکە ورد دەبینەوە بەتەواوی هەست بەوە دەکەین، کە ئەو خودە شاعیر خۆیەتی.

لە دەسپێکی دەقەکەدا شاعیر بەدەر لەوەی وەکو هەر دیوانە شیعرێك مانیفێستێکی شیعری نووسیوە هاوکات بەر چەند تایبەتمەندییەکی تر دەکەوین، کە هەم تایبەتمەندی تێکستەکەیە و هەم کۆی ئەمانە کارکردنن بۆ خودیکردنەوەی تێکستەکە. پاش مانیفێستەکە یەکەم شت کە خوێنەر بەری دەکەوێت پەیامێکە لە شێوەی وەسێتنامەدا لەژێر ناونیشانی «بانگەواز بۆ گۆڕهەڵکەن»، شاعیر لەم بانگەوازەدا هەم جاڕی کاتی مردنی خۆی دەدات و هەم دەیەوێت جەخت لەسەر ئەو نزیکییە زۆرە بکاتەوە، کە دەقەکە لە خۆیەوە چەندە نزیکە. ڕەنجدەر مردن وەکو جێگۆڕکێی ئینسان وێنا دەکات و هەر لە دەستپێکەکەدا دەنووسێت:

**«هەواڵی جێگۆڕکێی سەباح سابیر حەسەن**
**١٩٦٥/١١/١٨-٢٠٤٥/١١/١٨**
**لە بستە خاکێکی مرادخواز و ماندوودا**
**شادییەکانی دەبیستێتەوە**
**هەشتا ساڵ دەزوو بە دەرزی وەکردنێکە**
**بەسەر ڕاوەشاندنی پڕ خەمەوە»**

وەك دەبینین شاعیر لێرەدا لە دونیادەرچوون وەکو جێگۆڕکێ دەبینێك ئەمە بێجگە لەوەی کات و ساتی مردنی خۆیشی دیاری دەکات و تەمەن بۆ خۆی دەنووسێتەوە، کە ئەوە دەیەوێت هەشتا ساڵ بژی. شاعیر لێرەدا وەڵامی ئەو حەزە دەداتەوە، کە لە ناونیشانەکەدا خستویەتییەڕوو و کە حەزی ژیانێکی هەشتا ساڵەیە و هیچی دیکە. ئەوەی بەلای منەوە جێگەی سەرنجە ئەو خودبوونەوەی ئەم دەقەکە لە ژیانی شاعیرەوە وەکو لەو پارچەیەی سەرەوەدا دەبینین، کە شاعیر ناوی تەواوی خۆی خستۆتە نێو دەقەکەوە و هاوکات ئەمە پێداگری تەواوەتی شاعیرە لەوەی ئەگەر لە دەقەکانی تردا دووری لەنێوان خۆی و دەقەکەدا مەودایەکی دیاریکراو بووبێت، ئەوا لەم دەقەدا تەنها تاڵەمویەکە و هیچی دیکە. هەر بۆیە هەست بە توانەوەی خودی شاعیر دەکەین لەنێو خودە شیعرییەکەدا.

### هەڵهاتن لە یاساکانی بوون

نووسین هەوڵێکە بۆ دەرچوون لە ڕێسا و سیستەم، نووسین بونیادنانی دونیای دیکەیە لە دەرەوەی دونیای واقیع. شیعر یەکێکە لەو ژانرانەی نووسین کە زۆرترین هەوڵ دەدات بۆ بەرجەستەکردنی بێ سیستمی و دەستەبەرکردنی ئازادی ڕەها، کردەی شیعرنووسین کردەیەکی یاخیگەرانەیە، یاخیبوون لە دوو ئاستدا ئاستی یەکەمیان کارکردی شیعرە لە دەوروبەر، کە یاخیبوونە لە کۆت و بەندە کۆمەڵایەتی و سیاسییە و کولتوورییەکانە. ئاستی دووەمیش یاخیبوونە لەنێو خۆدی پرۆسەی

نووسیندا، بەو پێیەی شیعر توانای یاخیبوونی هەیە لە وێنە و زمانی باو و ئەفراندنی وێنەی سوریالی و دەرچوون لە هەموو ئەو شتانەی سنوور بۆ خەیاڵ و ئەفراندن دادەنێت. شیعر سنوور شکێنی یەکەمە لەنێو سەرجەم ژانرە ئەدەبییەکاندا.

بە لەبەرچاوگرتنی ئەمەی لەسەرەوە خستمانەڕوو ڕەنجدەر هاتووە لەم کتێبەدا سنووری بۆ مردنی خۆی داناوە. یەکەم تەفسیر کە دەکرێت بۆ ئەم سنووردانانە بکرێت ئەوەیە کە شاعیر دەیەوێت لە یاساکانی بوون هەڵبێت و خۆی یاسایەکی تایبەت بە خۆی دابهێنێت. مرۆڤ و سەرجەم گیانلەبەرانی دیکەی لەنێو سروشت نەهاتنە دونیایان بە دەست خۆیانە و نە لە دونیا دەرچوونیان. بەڵام ڕەنجدەر لەگەڵ ئەوەی توانای گۆڕینی هاتنە دونیای تەمەنی خۆی نییە و ناچارانە بە کاتی لە دایکبوونەکەی رازییە، بەڵام سنووری بۆ ژیانی خۆی دیاری کردووە و دەیەوێت لە (٢٠٤٥/١١/١٨) دونیا بە جێبهێڵێت. دانانی ئەم سنوورە خودیەی ڕەنجدەر بۆ ئەوەیە کە ئەو سنوورە باو و ئیلاهییە بشکێنێت کە بەسەر هەموو بوونەوەرێکدا دەسەپێنرێت ئەویش دانانی خاڵی کۆتایی بوونە. ڕەنجدەر لەم دەقەدا دەیەوێت لەبری ئەوەی ئەو خاڵی کۆتاییە خالق بۆی دیاری بکات دووبارە خۆی دیاری دەکات و دەیەوێت ئەگەرچی هاتە دونیای لە دەستی خۆیدا نەبووە، بەڵام دەیەوێت دەرچوونی لە دونیای بە خواستی خۆی بێت و خۆی دەستی لە دیاریکردنی ئەو ڕۆژەدا هەبێت. ئەگەرچی ئەم گەمەیەی ڕەنجدەر زیاتر وەکو گەمەیەکی زمانی دەردەکەوێت، بەڵام دەکرێت ئەوەشی تێدا بخوێنینەوە کە ئەم دانانی سنوورە بۆ ژیانی خۆی و دیاریکردنی ڕۆژێك بۆ مردنی جۆرێکە لە خۆکوژی. بەڵام خۆکوژییەك لەنێو دەقدا، بێگومان ئەمەش بەپێی لێکدانەوەکان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە شاعیر زۆر ژیاندۆستە بۆیە لەگەڵ زاڵبوونی ئەو هەموو مەرگدۆستییە، یان ئەو مەحکومبوونەشی بە مەرگ، بەڵام ڕەنگدانەوەکەی لە نێو وشەکاندا دەمێنێتەوە.

ڕەنجدەر لە نووسینێکدا دەنووسێت: «ئەرکی شاعیر ئەوەیە گۆڕان لە ڕوانین و نەریتی باوی کۆمەڵگا دروست بکات، واتە شۆڕشگێڕبێ لە ڕوانین و گۆڕینی چێژ بۆ جوانی. کە جوانیشی خۆشەویست کرد لەناو کۆمەڵگادا، واتە تەواوی ژیانی خۆشەویست و پەسند کردووە». ئەم وشانەی سەرەوە جەختکردنەوە و دەرخەری ئەو ڕاستییەن کە شاعیر دەیەوێت لەم دەقە نوێیەدا لەو یاسا تەقلیدی و دووبارانە هەڵبێت، کە کۆمەڵگە و نەریت بۆ تاکەکانی کۆمەڵگەی دیاری کردووە. دەنگی ڕەنجدەر وەکو شاعیر هەمیشە دەنگێکی یاخی و جیاوازبووە لە دژی نەریتە باوەکان و هەر بۆیە ئەگەر سەرنج لە کۆی ئەم ئەزموونە شیعرییەش بدەین دەبینین بەتەواوی ئەو جیاوازیانە خۆیان دەرخستووە. هەر لەوەی کە تێکستەکە بە پیتە کوردییەکان دەست پێدەکات و بە ڕستەیەکی سەیر و بێئومێدانە کۆتایی بە تێکستەکە دێنێت کە ئەمەیە:»ئەرێ شادی بێ هودە خەونەکانم چی لێ بکەم». لەم دوا ڕستەیەدا ڕەنجدەر گوزارشتی لە دۆخێکی تەواو سایکۆلۆژی مرۆڤ کردووە کە بە درێژایی بوونی هەڵگریەتی. ئەو دۆخەش ئەو خەونانەیە کە لە سەری مرۆڤدان. خەونی مرۆڤ لەو کاتەوەی دەگاتە قۆناغی هۆشمەندی بەردەوام لە زیادبووندایە و هیچ کات کۆتاییان نایە. هەر بۆیە ڕەنجدەر توانیویەتی لەو ڕستەیەدا گوزارشتی لە دۆخێکی قورسی بوونی مرۆڤ بکات کە گیرۆدەبوونیەتی بەدەست خەونەکانییەوە.

## مانیفێستە شیعرییەکان

یەکێك لە جوانی و تایبەتمەندییەکانی ئەزموونی شیعری سەباح ڕەنجدەر، نووسینی مانیفێستی شیعرییە لە پێشەکی هەر کتێبێکیدا. ئەو مانیفێستانە گوزارشتەکەرن لە بونیادە فیکری و ئیستاتیکییەکەی ئەو کۆشیعرەی مانیفێستەکەی بۆ نووسراوە، یان ڕوونکردنەوەی هەندێك پەنهان و کۆدی شاراوەی ئەو ئەزموونەیە، کە شاعیر کاری لەسەر کردووە. بێگومان ڕەنجدەر لەوە وریاترە کۆدەکان بۆ خوێنەر بکاتەوە، بەڵام ڕوونکردنەوە دەدات بۆ ئەوەی خوێنەر ساناتر بچێتە نێو دونیای تێکستەکەوە، چونکە شیعری ڕەنجدەر لەو شیعرانەیە کە ئاسان خۆیان نادەن بە دەستەوە و لە پشت هەر وشەیەکەوە مانایەکی پەنهان خۆی حەشارداوە و هەر بۆیە بە دەگمەن لە

یەکەم بەرکەوتندا لەگەڵ زۆرێک لە شیعرەکانی ئەم شاعیرەدا خوێنەر بۆی هەزمدەکرێت. هەر بۆیە تێگەیشتن و چێژوەرگرتن لە شیعری رەنجدەر پێویستی بە دووبارە و سێبارە خوێندنەوە هەیە.

رەنجدەر لە پێشەکی کتێبی «سەدویەکشەوە»دا لەبارەی شاعیری نوێخوازەوە دەنوسێت:» شاعیری نوێبەخش گیانی بەدەوری هونەری بەکاربردنی هەزاران ساڵدا دەخولێتەوە، لەنێوان زەوی و ئاسمان لەسۆڕاخکردنی نوێبەخشیو چوونە ناو گیانە چالاکەکان دیدگای توندوتۆڵ دەخەملێنن«. بێگومان بوونی هەستی نوێخوازی لەنێو هەر شاعیرێکدا سەرەتایەکە بۆ ئەوەی کە دەقی نەمر بەرهەم بهێنرێت، چونکە ئەگەر دیدگای شاعیر فراوانو تۆکمە نەبوو بۆ خودو دەوروبەر ناتوانرێت نوێخوازی بێتەکایەوەو ئەوکاتەشی نوێخوازی هاتە کایەوە ئەگەری پەیدابوونی دەقی نەمر نامومکین نابێت. رەنجدەر لەپاشاندا لەبارەی پەیوەندی شیعرو زمانەوە ئەوە دەخاتەڕوو کە « شیعر لە منداڵدانی زماندا گیانی دێتە بەرو هێزە راستەقینەی شاعیرلەو زمانەدایە، کە شیعرییەتی تێدا ئاشکرا دەکات، نەک لەو زمانەی ژیانی رۆژانەی پێ بەڕێوە دەبات، بۆ شیعر سەرکەوتنو دابەزین بە پەیژەی زماندا گرینگ نییە، بەڵکو نوسینەوەی نۆتەی زمان گرینگە«.

لەم ئەزموونە نوێیەی رەنجدەردا خوێنەر بەر مانیفێستێکی شیعری نوێ دەکەوێت بەناوی «شیعر بەرانبەر ئەبەدیەت» لەم مانیفێستە نوێیەدا شاعیر ئاماژە بە زۆر خاڵداوە و ئاماژەی بەو لایەنەشداوە، کە شیعر لای ئەو فۆرم و شێواز و خەیاڵ و زمان و نوێبەخشییە، کە لایوایە بۆ شیعر پێنج هێڵی سەرەکین پێکەوە دەڕۆن و بەشێوەی بازنەیی تێکەڵی شیعریەت دەبن و هێزی خۆیان لە دواخاڵی پاش بەکارهێنانیاندا گەڵاڵە دەکەن.

لە شوێنێکی تری ئەم مانیفێستەدا رەنجدەر زمان وەکو خەوتوویەك دەبینێت، وەلی لە کاتی بەکارهێناندا بەخەر دێت. بێگومان یەکێك لە سەرەکیترین کەرەستەکانی شیعر زمانە. بەڵام دەکرێت بپرسین ئایا زمان وەکو رەنجدەر دەڵێت: کەی بەخەر دێت. بەخەبەرهێنانی زمان ئەوکاتە دەبێت، کە نووسەر (شاعیر) توانای بەسەر زماندا بشکێت و بتوانێت لە قوڕی زمان دروستکراوی نوێی پێ بئافرێنێت. کەواتە توانای ئەفراندن پەیوەندییەکی تەواوەتی بە بەخەرهێنانی زمان و بەکارهێنانییەوە هەیە. رەنجدەر لەو شاعیرانەیە کە بەردەوام گەمەی زمانی لەنێو دەقەکانیدا دەبینرێت. بەڵام ئەوەی لای رەنجدەر وەکو نەنگی دەردەکەوێت چڕکردنەوەی تەواوەتی زمانە تا ئاستی ئەوەی بەشێك لە ئیستاتیکا ون بێت. لێرەوە دەکرێت بڵێین یەکێك لەو خاڵانەی کە رەنجدەر کاری تیاکردووە و پانتاییەکی زۆری پێ بەخشیوە زمانە. بەڵام گەورەیی کارکردنی رەنجەر لە پانتایی زماندا رووبەری ئیستاتیکای کەمکردۆتەوە، کە من لاموایە ئەو پێنج هێڵەی رەنجدەر لەم مانیفێستە شیعرییەی ئەم کتێبەدا باسی کردووە پێوستیان بە بەکارهێنانی هاوسەنگانە هەیە و هەر یەکێك لەو پێنجە پێویستە پانتایی دیاریکراوی خۆیان لە دەقەکەدا هەبێت. بەڵام ئەگەر سەرنج بدەین لەم دەقەشدا ئەگەرچی لە هەندێك شوێندا هاوسەنگی لەنێوان تەواوی ئەو رەگەزانەدا هەیە. بەڵام لە زۆر شوێندا چڕکردنەوەی زمان و ئەو گەمە زمانیانەی شاعیر کردوونی پانتایی زۆر زیاتر داگیر کردووە لە رەگەزەکانی دیکە.

### لەگەمەی زمانەوە بۆ گەمەی تەکنیك

رەنجدەر لەو شاعیرە گەمەکەرانەیە کە بەردەوام یاری بە وشەکان و فۆرمەکان و دونیابینییەکان دەکات. ئەو لە سەرەتای ئەزموونی شیعرییەوە هەرگیز لە خاڵێکدا نەوەستاوە و بەردەوام هەوڵی دۆزینەوەی رێگەی دیکە و زمانی دیکەی گوزارشتی داوە. ئەمە بەو مانایە نییە کە رەنجدەر لەسەر ستایلێك بەردەوامی نەبووە. بەڵکو ئەمە بەو مانایەیە، کە رەنجدەر لەو شاعیرانەیە بەردەوام رۆحێکی گەڕیدەئاسای هەیە بۆ گەڕان بەدوای وشە و گوزارشتی نوێدا، چونکە لای ئەو شیعر لەنێو هەناوی بوونەوە دێتە دەرەوە و دەبێتە ساباتێك و چالاکییە خودییەکانی تێدا یاداشت دەکرێت. هاوکات جێگەیەکە رۆحی ماندووی ئەو خودە جیا جیاکان خۆیانی تێیدا مانیفێست دەکەن و دیوە راستەقینەکەی خۆیان پیشانی ئەوانی دیکە دەدات.

هەڵمەت کتێب

یەکێک لەو تایبەتمەندیانەی ئەم شیعرە ئەوەیە کە پرسیار دەخاتەڕوو بە جۆرێک کە شاعیر دەیەوێت بەرانبەر بدوێنێت تا لە ڕێی ئەو دواندنەوەشەوە بە وەڵامی پرسیارەکانی بگات. هەروەها ڕەنجدەر لەڕێی تەکنیکی (لە خشتەنانەوە)، کە لە شیعرەکەدا رووبەرێکی دیاریکراوی پێدراوە. ئەو وشانەی کە زۆر مەبەستییەتی کە زیاتر چاوی خوێنەری بچێتە سەر و هاوکات وەکو ڕۆحی تێکستەکەش دەردەکەون ئەو دێت و تایبەتمەندییەکی تەکنیکییان پێ دەبەخشێت و لە نێو خشتەدا دەیانخاتە بەرچاوی خوێنەر. بۆ نموونە لە بەشی دووەمدا، چونکە ویستوویەتی زووم بچێتە سەر وشەی (دەست) چوارجار لە خشتەکەدا نووسراوەتەوە بەهەمان شێوەش وشەی (هەراسان)یش چوار جار و لە چوار خشتەی جیاوازدا نووسراوەتەوە.

ئەم دەقەی ڕەنجدەر لەگەڵ ئەوەی چەندین تەکنیکی جیا جیای تێدا بەکارهێنراوە و دەکرێت بڵێین لەو دەقانەی شاعیرە کە زۆرترین ماندووبوون بە تەکنیکەکەیەوە دیارە. لەپاڵ ئەمەشدا گەمەی زمانی زۆر دەبینرێت. واتە دوانەی تەکنیک و زمان دەتوانین بڵێین زۆرترین پانتایی دەقەکەیان داگیر کردووە. لەپێشەوە ئاماژەم بۆ ئەوە کرد کە گەمەی زمانی پانتاییەکی زۆری داگیر کردووە. بەهەمان شێوەش گەمەی تەکنیکیش پانتاییەکی زۆری داگیر کردووە، بۆیە دەکرێت بڵێین ئەو هاوسەنگییەی کە پێویست بوو شاعیر ڕەچاوی بکردایە لەنێوان سیانەی (تەکنیک، زمان، ئیستاتیکا)دا دوانەی یەکەم زۆرترین پانتاییان داگیر کردووە و هەرچی پانتایی ئیستاتیکیشە رووبەرەکەی لەوان کەمترە.

بەگشتی ئەم دەقە نەک وەکو دەقێکی تایبەتی ڕەنجدەر دەبینرێت، بەڵکو وەکو یەکێک لە دەقە تایبەتەکانی شیعری نوێی کوردی دەکرێت سەیری بکرێت، چونکە لەو دەقانەیە کە خاوەنی دونیابینی و تەکنیکی شیعری و زمانێکی تۆکمە و بونیادێکی تایبەتمەندی شیعرییە کە لە پێشووتردا کەم دەقی شیعری کوردی هەیە بەو شێوەیە کاری لەسەر کرا بێت.

**بەر لە کۆتایی**

بەر لەوەی دواخاڵێک بۆ ئەم نووسینە دابنێم. دەمەوێت لە چەند خاڵێکدا تەواوی سەرنجەکانم لەسەر ئەم دیوانە نوێیەی ڕەنجدەر بخەمەڕوو:

١- شیعری سەباح ڕەنجدەر لەو شیعرانەیە کە ئاسان نییە، چونکە ئەو لە پشت هەر وشەیەکەوە مانای نوێی حەشارداوە، هەر بۆیە بە دەگمەن لەگەڵ یەکەم بەرکەوتن لەگەڵ شیعر ئەم شاعیرەدا پەیوەندی دروست دەبێت، بەڵکو شیعری ڕەنجدەر پێویستی بەوەیە زیاد لە جارێک بچیتەوە سەری تا بە دونیای شیعری ئاشنا بیت، چونکە تا کەشفی دونیای شیعر و دونیابینی نەکرێت ناتوانریت چێژ لە دەقەکانی وەربگیرێت.

٢- (حەزدەکەم ئەوەندە بژیم) لەو دەقانەیە لەگەڵ ئەوەی لەنێو ئەزموونی سەباحدا خاوەنی تایبەتمەندییە، هاوکات وەکو یەکێک لە دیوانە شیعرییە تایبەتمەندەکانی پاش ڕەوانگەش دەمێنێتەوە بەو تۆکمەییەی لە زمان و تەکنیک و خەیاڵدا شاعیر کاری تیاکردووە. بە جۆرێک کە دەقەکە لەگەڵ هەر خوێندنەوەیەکدا خوێنەر کەشفی جوانی دیکە دەکات و بە دونیای دیکەی ئاشنا دەکات.

٣-پەیوەستبوونی ئەم دەقەکە بە ژیانی تایبەتی شاعیرەوە یەکێکە لەو خاڵانەی کە وەکو تایبەتمەندییەکی دیاری دەقەکە دەردەکەوێت. هەربۆیە زیادەڕەوی نییە، کە بڵێین خودی شاعیر یەکسانە و هاتای خودە شیعرییە ئەفرێنراوەکەی نێو دەقەکەیە.

٤- یەکێک لە جوانییەکانی تری ئەم دەقە ئەوەیە کە هەوڵی یاخیبوون دەدات. یاخیبوون لە یاساکانی بوون. بە جۆرێک کە شاعیر دەیەوێت ئەو یاسا باوانەی بوون بشکێنێت و لێیان دەربچێت و سنوورێك بۆ بوونی خۆی دیاری بکات. بوونێک کە بە ئارەزووی خۆی نەهاتۆتە نێوی. ئەم دەیەوێت بە ئارەزووی خۆی لێی دەربچێت.

٥-گەمەی تەکنیک و گەمەی زمانی لەم دەقەدا پانتاییەکی زۆری داگیر کردووە و ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی رووبەری ئیستاتیکا کەمتر بێت لەوان. واتە کەمبوونەوەی گەمەی ئیستاتیکی لەسەر حسابی گەمەی زمانی و تەکنیکییە کە لاموایە ئەمە یەکێکە لە خاڵە لاوازەکانی ئەم دەقە. بێگومان ئەمەش لەوێوە سەرچاوەی گرتووە کە شاعیر نەیتوانیوە، یان نەیویستووە هاوسەنگی نێوان ئەم سیانەیە ڕابگرێت.

# فایلێکی تایبەت بە

# مارج پێرسی

ئامادەکردنی

**شیلان ڕەشید**



# بۆچی ئەم فایلەم ئامادەکرد؟



شیلان ڕەشید

دیاره ئامادەکردنی فایلێک لەبارەی تاکە شاعیرێک بە تایبەتمەندییەکانییەوە لەناو ئەو هەموو شاعیرەی دنیادا، پرسیاری ئەوە درووست دەکات کە ئەم فایلە بۆچیی و بۆچی ئەو شاعیرەش؟ هەرچەند شیعرەکان و شاعیرەکە خۆی وەڵامی ئەوە دەدەنەوە و خۆیان خاسیەتی خۆیان نیشان دەدەن، بەڵام بە پێویستی دەزانم ئەوە بڵێم کە کارکردن لەسەر ئەو شاعیرە خواست و دڵخوازی من بوو لەچەند ڕوویکەوە، کە پەیوەستە بە ویست و هەڵبژاردەی من لە کارکردندا لەسەر ئەو شاعیر و ڕۆمانووسانەی بەشێوازی نوێ و سەردەمیی، ئازارەکانی ژنان، بابەتەکانی جێندەر، توندوتیژییەکانی ناو کۆمەڵگە و هاڕین و لەباربردنی تاک پیشان دەدەن و بە قووڵیی ڕۆدەچنە ناوییەوە. ئەوەی گرنگتریش ئەوەیە کە دەبینم ئەو شاعیرە لەناو کورددا نەناسراوە و دەبێتە دەروازەیەک بۆ ناساندنی یەکێک لە شاعیرە تایبەتەکانی دنیای ئەوڕۆ، دیارە شانازی ناساندنی ئەو شاعیرە ئەوەندە هەڵناگرین ئەوەندەی لە خەمی ئەوەداین ئەم جۆرە ئەدەبە کە بە فیکرێکی گەورەوە جیهانی ئاڵۆز و خەونە پارچە پارچەکان دەنووسێتەوە، ئاوێتەبێت بە دنیای نووسین و ئەدەبیاتی کوردیی و وزەیەک بێت بۆ دڵی ئەو خوێنەرانەی شەیدای شیعر و ئەدەبی نوێن. بۆ ئەم مەبەستەش بە پێویستم زانیوە ژیان و کارەکانی ئەو شاعیرە بناسێنم و چەند شیعرێکیشی لە ئینگلیزییەوە بکەمە کوردیی و خوێندنەوەیەک لەسەر شیعری «بووکەشووشەی باربی» بکەم، هەروەها هاوڕێ و هاوژینم ڕێبین خدر-یش بە وتاری «شیعری ؛کارێکی فێڵبازانە؛ی مارج پێرسی»لە فایلەکەدا بەشداره. بەهیوای ئەوەی توانیبێتمان کارێک بکەین شایەن بە خوێنەرانی گۆڤاری هەڵمەت.








## مارج پێرسی
**Marge Piercy**

مـارج پێرسـی شـاعیر و ڕۆماننـووس و چالاکوانـی مەدەنـی ئەمەریکایی، لـە ساڵی ١٩٣٦ لە شاری دیترۆیت لـە ویلایەتی میشـیگن لـە ئەمەریـکا لەدایکبـووە. خاوەنـی زیاتـر لـە ٤٠ کتێبـە، لەنـاو ئەوانەیشـدا ١٧ ڕۆمـان و ١٩ کتێبـی شـیعری هـەن.

«مانـگ هەمیشـە مێینەیـە» یەکێکـە لـە کتێبـە شـیعرییە بەناوبانگەکانی، بـە یەکێـک لـە بەنرخترین و باشـترین کتێبە فێمینیزمییـەکان دادەنرێـت. لەگـەڵ چەندیـن کتێبـی شـیعری تـری وەک «جەسـتەی دایکـم» و «مەریـخ و منداڵەکانـی» و « هەڵاتـن «...

پێرسـی یەکێکـە لـەو نووسـەرانەی کـە ڕۆمـان و کتێبەکانـی بەگشـتی لەنێـو پرفرۆشـترین کتێبەکانـدان و لـە ڕۆمانـە دیارەکانـی «بـۆ سـەربازەکان» و «ژن لـە کەنـاری زەمەنـدا». لـە نووسـیندا هاوشـان بـە نووسـەرانی وەک مارگرێت ئاتوود و مایـا ئەنجێلـۆ و ئالیـس مۆنـرۆ دادەنرێـت.

پێرسی خاوەنی خەڵاتی : Arthure C. Clarke و Hopwood ە. بابەتـی سـەرەکی نێـو ڕۆمـان و شـیعرەکانی کێشـە و گرفتەکانی تـاک بەگشـتی و ژنـن بـە تایبەتـی لەنـاو کۆمەڵگـەدا و، بەشـێوازێکی نـوێ ڕۆحـی سـەردەمر دەردەبڕێـت، بەجۆرێکی وا کـە هـەر دەقێکـی دەکـرێ لـە چەنـدان ڕووەوە بخوێنرێتەوە. مـارج پێرسـی تاکـو ئێسـتاش لەژیاندایـە و بەردەوامـە لـە نووسـینی شـیعر و ڕۆمانەکانـی، هەروەهـا چالاکییـە جۆربەجۆرەکانـی.

هەواڵنامەی کتێب

# بووکەشووشەی باربی



ئەم کچە بچکۆلە زۆر ئاسایی لەدایکبوو
چەندان بووکەشووشەی بە دیاری بۆ هات
ئەو بووکەشووشانەی میزیان دەکرد،
تەباخ و ئوتووی بچووکی جەنەراڵ ئەلەکتریک و
سووراویی لێو لە ڕەنگی شەکرۆکەی شلیک
ئەوانیش بە دیاری هاتن.
ئینجا لە جادووی هەرزەکارییدا، هاوپۆلێک گوتی :
تۆ لووتت ئێجگار زل و لاقەکانیشت قەڵەون.

ئەو کچێکی تەندرووست و، لە تاقیکردنەوەشدا زیرەکییەکەی دەرکەوتبوو،
پشت و باسکەکانی بەهێز،
توانای سێکسیی زۆر و کارامە لە ئیشی دەست.
بەملا و بەولادا دەڕۆیشت و داوای لێبوردنی دەکرد.
هەمووان هەر لووتێکی زل و دوو لاقی ئەستووریان دەبینی.

هەواڵنامەی کتێب

ئامۆژگاری کرا شەرمن بێت.
هاندرا بۆ ڕووخۆشیی،
بۆ وەرزش، بۆ ڕێجیم، بۆ زەردەخەنە و بۆ شەیداکردن.
سرووشتە باشەکەی لەناوچوو
چوون قایشێکی پانکە.
بەمجۆرە لووت و لاقەکانی خۆی بڕین و
کردنیە دیاری.

ئەوەتا لەو سندووقەی دیارە، کچەکە لەسەر ئاوریشم ڕاکشاوە
بەو ئارایشەی مردوونێژەکە نەخشاندووییەتی و،
لووتێکی بە هەویر درووسکراو،
لە کراسێکی شەوانەی پەمەیی و سپی.
ئایا ئەمێستا جوان نییە؟ هەمووان وایان دەگوت.
دواجار ئەوە ئەنجامە.
کۆتاییەکی بەختەوەرانە بۆ هەموو ژنێک.

***

# کارێکی فێڵبازانە



ئەو درەختە سنەوبەرەی
ئێو ئینجانە دڵڕفێنەکە
دەیتوانی ٢٥ مەتر باڵا بکات
لە قەدپاڵی چیایەکدا
تا ئەو ساتەی برووسکە دوو لەتی دەکرد.
بەڵام باخەوانێک
بە وریاییەوە بڕییەوە.
ئێستا باڵای ٢٣ سم دەبێت.
هەموو ڕۆژێک
ئەو کاتەی لق و پۆپەکانی دادەتاشێت
دەیلاوێنێتەوە و دەڵێت :
ئەمە خۆ سرووشتی خۆتە
ئاوا خنجیلە و قەشەنگ بیت،
ماڵیی و لاواز
ئای درەختی خنجیلانە، چەندە بەختەوەری
ئەوەتا ئینجانەیەکت هەیە
تا تیایدا گەشە بکەیت.
لەناو بوونەوەران دا
هەر کەس دەبێ زوو خۆی بکا بە قەزەمێک
زوو گەشەی خۆی بوەستێنێ
پەلۆپۆی خۆی سنووردارکا
مێشکی خۆی تووشی شەلەل بکا
قژی لەناو ماکینەی قژلوولکردندا و
دەستەکانیش ئەوانەی تۆ حەز بە بەرکەوتنیان دەکەیت.

هەواڵنامەی کتێب

---

مارج لەم شیعرەدا درەختی بۆنسێی بەکارهێناوە، بەڵام من بە پێویستم زانی سنەوبەر بەکاربهێنم، چونکە وشەیەکی هاوتای بۆنسێیمان لە زمانی کوردییدا نییە و درەختەکەش لەشێوەدا لە سنەوبەر دەچێ.

***

## هاوڕێ

لەمبەر و ئەوبەری مێزەکە دانیشتبووین
ئەو گوتی دەستەکانت ببڕەوە
هەمیشە خۆیان لە شتەکان وەردەدەن
نەبادا دەست لە من بدەن
گوتم بەڵێ.

خواردنەکە لەسەر مێزەکە ساردبووەوە
ئەو گوتی جەستەی خۆت بسووتێنە
جەستەت پاک نییە، بۆنی سێکسی لێ دێ
لە برینی هزرم دەخشێ
گوتم بەڵێ.

خۆشمدەوێی، من گوتم
ئەمە بەچێژە، ئەو گوتی
پێمخۆشە خۆشبویستریم
ئەمە ئاسوودەم دەکات.
ئەرێ تۆ دەستەکانت بڕینەوە؟
***

## لەبارەی ناونیشانە کۆنەکان

ناونیشانەکان لە بەرنامەیەکی کۆمپیوتەرەکەمدا هەڵدەگرم
ئاوا سڕینەوەکان شاراوەن، بە پەنجەخستنەسەر کلیلێک لەناو دەچن
بەڵام لە جەکمەجەیەکدا کتێبێکی سووری ناونیشانەکانم هەیە
ئەمەم بۆچی هەڵگرتووە؟ دوو لەسەر سێی ئەو هاوڕێیانە لەچاو ونبوون
چوون بە پەنجەکێشان بە کلیلێک لەناوچووبن، ڕۆیشتن، بووە مشتومڕ، مردن
یان خراپتر هەرگیز نەمزانی ئەوان کێ بوون و چی منیش بوون
ئەمە ژیانی ڕابردوومە لە قەڵەم و قەڵەم ڕەساسێکدا
ناونیشانی چەندین شاری سەر ڕووی زەوی
ژمارەی قەدیمی تەلەفۆن، چەندین ناو کە هەستەکان دەشێوێنن
بەئاگادێم کاتێک چەرمە کۆن و نەرمەکەی لەدەست دەگرم
چەند نرخی هاوڕێکانمان لایە، ئینجا دەڕۆن و جێمان دێڵن.

***



هەوالنامەی کتێب

# دراوسێ

پیاو بە پۆستاڵەوە، بە قایمی جێگای نووستنەکەم دەشێلێ
زەنگۆڵەیەکی گەورەی برۆنزیی بەدەستیەوە
ئەوەی کە تۆ جارجارە لە دەستت بەردەبێتەوە
پیاوی زەبەلاح بە پاژنەی ئاسنینەوە
ئەوەی کە لە چواری بەیانییاندا تابووتەکان بەملا و بەولادا ڕادەکێشێت
ئەوەی کە بەدرێژایی شەو چەکووش بە ئەسکەلەکاندا دەکێشێت
ئەوەی کە چێژ دەبەخشێتە زۆرانبازەکانی سۆمۆ و تەنافبازە قەڵەوەکان
لەسەر پلیکانەکان بەلای تۆدا تێپەڕ دەبم
هەردووکمان زەردەخەنەیەک دەکەین و
سەرمان بۆ یەک دەلەقێنین
تووڕەیی لە مندا وەک گاز هەڵدەئاوسێت
ئەوا ئێستاش تووڕەیی وشیار و بێدار دەموەستێنێت.

هەواڵنامەی کتێب

# ئەفسانەی جوانیی و بە ئۆبجێکتکردنی سێکسیی لە شیعری «بووکەشووشەی باربی» ی «مارج پێرسی» دا

شیلان ڕەشید

**ئەفسانەی جوانی**

ئـەو کاتـەی ژنـان لاپـەڕەی ڕۆژنامـە و گۆڤـارەکان هەڵدەدەنـەوە. گەڕانێـک بەنێـو ماڵپەڕەکانـی ئینتەرنێتـدا دەکـەن، سـەیری بەرنامـە و فیلمـەکان دەکـەن لـە شاشـەی تەلەڤزیۆنـەکان، بۆمبـاران دەکرێـن بـە وێنـەی ژنـە مۆدێلـە باریکەلـەکان : ئـەو ژنانەی دوو چڵ ئێسقانن و بە چاوە شین و قژە زەردەکەیانـەوە بوونەتـە نموونـەی جوانیی. هـەر ژنێکیش هەمـوو هەوڵێکـی لـەو پێنـاوەدا دەخاتەگـەڕ کـە چـۆن بگاتـە ئـەم جوانییـە نموونەییـە، تاوەکـو لـە کۆمەڵگـەی پیاوسـالار و لـە چـاوی پیـاودا پەسـەند بکرێـت. تەنانـەت هەندێکیـان ئەوەنـدە زۆر دەڕۆن کـە ئامـادەن لـەو پێنـاوەدا بمـرن و ژیانی خۆیـان بخەنـە مەترسـیی لەژێـر نەشـتەرگەریی جوانکارییـدا. بەمجـۆرە ژن لـە کۆمەڵگـەی سـەرمایەداریی و پیاوسـالارییدا بۆتـە کاڵا و ئۆبجێکتـی سێکسـیی. کچـە بچکۆلەکانیـش هـەر لـە تەمەنـی ٣ و ٤ سـاڵییەوە، ئـەو کاتانـەی بووکـی (باربـی) یـان بـە دیـاری دەدرێتـێ، بـەو وێنـە نموونەییـەی جوانیی ژن ئاشـنا دەکرێـن. بەمجـۆرە ژنـان بوونەتـە قوربانیـی نێـو میدیـا و کارگـەی بەرهەمهێنـەری بابەتـی جوانکاریـی، کـە ئەمانـەش لەلایـەن پیـاوەوە دەسـتیان بەسـەردا گیـراوە.

پرسـیارەکە ئەوەیـە : کـێ ئـەو سـتانداردەی دانـاوە بـۆ پێوانی جوانیـی ژن؟ بێگومـان وەڵامەکـەی ئەمەیـە : کۆمەڵگـەی پیاوسـالاریی و بەتایبەتیـش ڕوانینـی نێرانـە.

نووسـەر و چالاکوانـی فێمینیـزم نائۆمـی وۆڵـف لـە کتێبەکەیـدا «ئەفسـانەی جوانـی» بـاس لـەوە دەکات، کـە چـۆن دژی ئـەو فێمینیسـتانەیە کە وێنـەی جوانیی مێینـە وەک چەکێـک بەکاردێنـن بـۆ گەیشـتن بـە مافەکانـی ژن. «ئەفسـانەی جوانـی......... دەمارێکـی تاریکـی ڕق لەخۆبوونەوەیـە، پابەندبوونـە بـە جەسـتە و، تۆقینـە لـە پیریـی...» (Wolf ٢٠٠٢: ١٢)

ئەفسـانەی جوانـی ئەوەیـە کاتێـک ژنـان چیـتر گرنگـی بـە نـاخ و توانـای خۆیـان نـادەن، لەبـری ئـەوە تەرکیـز دەخەنـە سـەر ڕوانینەکانـی کۆمەڵگـە بـۆ خۆیـان و بەپێـی چـاوی پیـاو بڕیـار لەسـەر خۆیـان دەدەن. ئـەو سـاتەی کـە ژن چیـتر لەپێنـاو خۆیـان و بـۆ مەبەسـتێکی تایبـەت جـل لەبـەر ناکـەن، بەڵکـو ئـەو شـتە دەپۆشـن کـە کۆمەڵگـە دەیەوێـت. گـۆڕان لـە جەسـتە و ڕووخسـاری خۆیانـدا دەکـەن بـەو جـۆرەی کـە پیـاوان حـەزی پێدەکـەن. ئەفسـانەی جوانـی، ئەوەیـە کـە ژنـان لـە ژیانیانـدا دەکەونـە ژێـر کاریگـەری ڕوانینـی نێرانـە و ڕوانینـی خۆیـان فەرامـۆش دەکـەن.

**بە ئۆبجێکتکردنی ژن لە ڕێگەی چاوی نێرەوە**

ڕوانینی نێرانە مەبەست لێی ئەو کاتەیە لە ژیانی ژن یان کچێکـی گەنـج، کـە چیـتر ئـەو ژنـە، ئـەو کچـە جـل و بـەرگ بەپێـی خواسـت و ئـارەزووی خـۆی هەڵنابژێرێـت، بەڵکـو بەرگێـک دەپۆشـێت کـە پیـاوان ئاسـوودە بـکات. بـە بـڕوای نائۆمـی وۆڵـف، لـە کۆنـدا کچـان لـە هەمـوو شـتێکدا وەک کاروبـاری نـاو مـاڵ و منـداڵ پێگەیانـدن چاویـان لـە دایکیـان دەکـرد. بـەڵام لـەدوای درووسـتبوونی (باربـی) لـە سـاڵی ١٩٥٩ نموونـەی سـەرەکی کچـان کـە لەبـارەی ژنێتیـی و جوانییـەوە چـاوی لێدەکـەن بووکـی باربـی یـە. ئـەو بووکـە پلاسـتیکە بـە قـژە زەرد و بـاڵا بـەرز و باریکەکـەی و چـاوە شـینەکانی بۆتـە وێنـەی بچوککـراوەی ژنـی نموونەیـی(Wolf ١٩٩٧: ١٤) .

شـیعری (بووکـی باربـی) یەکێکـە لـە شـیعرە ناسراوەکانـی مـارج پێرسـی و سـاڵی ١٩٦٩ نـووسراوە، بـە نوێنـەری ڕۆحـی سـەردەمی خـۆی دادەنرێـت لـە سـاڵانی شەسـتەکان کـە سـەرەتای سـەرهەڵدانی شـەپۆلی دووەمـی فێمینیـزم بـوو.



ئەم بزووتنەوەیەش بە شێوەیەکی بەرچاو لەژێر کاریگەری کتێبە بەناوبانگەکەی بێتی فریدان دا بوو بەناونیشانی (Feminine Mystique) کە تیایدا فریدان باس لەوە دەکات چۆن ژنانی ئەمەریکا بوونەتە قوربانیی کۆمەڵێک ئایدیا کە ئەو بە نهێنیی مێینەیی ناویان دەبات. ئەو بیرانەی کە ڕۆچوونەتە ناو کۆمەڵگە و بەختەوەری مێینە لە ڕۆڵی بوون بە دایک و خێزاندا دەبینن.

پڕفرۆشترین بووکەشووشەی جیهان (بووکی باربی) یە، کە مۆدێلێکە بۆ ژن. لە باربی یەوە خواستەکانی کۆمەڵگە بۆ جوانیی نموونەیی ژن دەبینین. شیعری (بووکەشووشەی باربی)ی مارج پێرسی باس لەوە دەکات کە چۆن کچانی گەنج هەر لە تەمەنی منداڵییەوە دەبن بە داوەوە و دەبنە نێچیری پێناسە بیرتەسکەکانی کۆمەڵگە لەبارەی جوانیی و چۆنێتی ڕەفتار و هەڵسوکەوتی ژنان.

لە سەردەمی مۆدێرنەوە بەهۆی کاریگەری میدیا و کلتووریی باوەوە، کۆمەڵگە جوانییەکی دیاریکراو و نموونەیشی داناوە بۆ ژن. لە ئێستادا ئەوە تەنها ڕەفتارەکانی ژن نین لە قاڵب دەدرێن، بەڵکو جوانییەکەیشی بەهەمان شێوە بە ستاندارد کراوە، ئەمەش وای کردووە ئەو ژنانەی کە چاوەڕوانییە نموونەییەکانی کۆمەڵگە تێر ناکەن بە «ناشیرین» ناو ببرێن.

لەگەڵ ئەوەشدا کە میدیا و کەناڵ و لاپەڕەی گۆڤارەکان کاریگەری زۆریان هەیە لەسەر دروستکردنی وێنەیەک بۆ ژنی نموونەیی لە جوانییدا و کردنی بە کەرەسەیەک بۆ چاوی پیاو، ئایینەکانیش بەجۆرێکی تر کار لەسەر دروستکردنی ئەو ژنە نموونەییە دەکەن. ئایینەکانیش جەستەی ژن بەکاردەهێنن و کۆتی دەکەن، هەروەها چونکە وەک کەرەسەیەکی سێکسیی دەیبینن، داوای داپۆشین و شاردنەوەی تەواوەتی دەکەن. بەجۆرێک کە هەموو جوڵە و نیگایەکی ژن دەخرێتە ژێر چاودێرییەوە و دەبن بە ئامراز و ئاماژەی سێکسیی. ئەوەش بە ئاشکرا لە ڕۆژهەڵات و کلتووریی ئیسلامییدا بەدی دەکەین، بەڕادەیەک کە ژنی نموونە لە جوانییدا، ئەوەیە کە شەرمن و خۆپارێزبێت لە هەموو ئەو شتانەی کە جێی ڕەزامەندی پیاو و چاوی نێر نین. هەر بەم هۆیەوە جەستەی ژن لەناو ئایینیشدا بە کاڵا دەکرێت. لێرەشدا ئەوە دەبینین کە ئایینیش کۆمەڵگەیەکی تەواو نێرانە دروست دەکات و ژن تیایدا تەنها بە جەستە دەبینرێت و هەوڵیش دەدرێت ئەو جەستەیە قفڵ بکرێت و تەنها بۆ خواستی پیاوانە و سێکسیی بەکار بهێنرێت. گەر ژن نەتوانێت لە کۆمەڵگەیی ئایینیدا لە خزمەت خواستی نێر و چاوی نێردابێت ئەوا ڕووبەڕووی سەرکوتکردن و لەناوبردنیش دەبێتەوە. کەواتە لە هەردوو حاڵەتەکەدا ژن سەربەست نییە و خواست و هەڵبژاردەی خۆی نییە بۆ

پۆشینی جل و بەرگ و جوڵە و هەڵسوکەوتەکانی. ئەمەش وادەکات جەستە لەژێر بڕیار و فرمانی ژن خۆیدا نەمێنێت و ببێتە ئۆبجێکتێکی سێکسی بۆ چاوی پیاو و کۆمەڵگەی ئایینی و نێرانە.

شیعری بووکی باربی بە لەدایکبوونی کچێک دەست پێدەکات و بە مردنی کۆتایی دێت. ئەم مردنەیش دەرەنجامی ڕوانینی کۆمەڵگەیە بۆ جوانی ژن، کە بە ئەفسانەی جوانی ناسراوە. بە ئاشکرا کچەکە بۆتە قوربانیی ڕوانینی نێرانە و ستانداردی جوانی، کە کۆمەڵگە بەسەر ژندا سەپاندوویەتی و لە ڕێیەوە ژنی کردووە بە کاڵا.

لەم شیعرەدا پێرسی (باربی) وەک ڕەمزێک بۆ ڕوانینەکانی کۆمەڵگە بەکارهێناوە، بۆ ئەوەی دەری بخات لەو ڕوانگەوە ژنی پێرفێکت و تەواو چۆنە. بە بۆچوونی کەین (١٩٩٦) جەستە خەیاڵییەکەی باربی، کەمەرێکی باریک و لاقی درێژ...هتد. هەتا ئەمڕۆش نموونەی ژنی جوانە. کەین دواتر دەڵێت کەمتر لە سەدا دووی ژنانی ئەمەریکا دەتوانن بگەن بەم جەستە خەیاڵییە. ئەم واقیعە پڕ لە ململانێیە لەلایەن مارج پێرسی لە ڕێگەی لێکچوواندن و ڕەمز و دەنگێکی حیکایەتئامێزانە ڕوونکراوەتەوە. بە شێوەیەک جیهانێکی وای درووستکردووە کارەکتەرەکانی ناوی خۆکوژیی دەکەن، جگە لە باربی کە ڕەمزی جوانییە. واتە شاعیر دەیەوێت بڵێت لە کۆمەڵگەیەکی ئاوادا کە ژنان هەموو هەوڵ و تەقەلایەکیان بۆ ئەوەیە بگەن بەو مۆدێلە لە ژن، مانەوە تەنها بۆ ئەو ژنانەیە کە دەبنە باربیی و جوانیی نموونەیی بە پێی چاوی کۆمەڵگە و ئارەزووەکانی بەدیدێنن.

بەشی یەکەمی شیعرەکە لەشێوەی حیکایەتێک دەستپێدەکات. کچەکە بە لەدایکبوونێکی ئاسایی دێتە دنیاوە و بەشێوەیەکی سروشتیی گەشە دەکات، هەروەها ژیانێکی دڵفڕێن دەژی .

**ئەم کچە بچکۆلە زۆر ئاسایی لەدایکبوو**
**چەندان بووکەشووشەی بە دیاری بۆ هات**
**ئەو بووکەشووشانەی میزیان دەکرد,**
**تەباخ و ئوتووی بچووکی جەنەراڵ ئەلەکتریک و**
**سووراویی لێو لە ڕەنگی شەکرۆکەی شلیک**
**ئەوانیش بە دیاری هاتن.**

سەرەتا شیعرەکە ئەوە نیشان دەدات کە چۆن ئەو کچە ڕاستەوخۆ دوای لەدایکبوونی فڕێدەدرێتە نێو جیهانێک کە مرۆڤەکانی ناوی بەسەر دوو ڕەگەزدا دابەش دەکرێن. هەرچەند هەموومان ئاگادارین لە جیاوازی بایەلۆجی نێوان ڕەگەزەکان، بەڵام نێرینە و مێینە بەرهەمی کۆمەڵایەتیی و کلتوورین. بەم پێیە هەر لە منداڵییەوە کچەکە کار و پیشەی داهاتووی بۆ دیاری دەکرێت و فێر دەکرێت دەبێ ئەو چی بێت و چۆن بێت، تاوەکو کۆمەڵگە قبووڵی بکات و فڕێی نەداتە دەرەوە. شیعرەکە ڕەنگدانەوەی ئەو واقیعەیە کە کچانی گەنج بەپێی ڕوانینی نێرانە پەروەردە دەکرێن.

لێرەشدا دوو خاڵی گرنگ هەن، شایەنی ئاماژە بۆ کردنن :

یەکەم : بابەتی ناو ماڵ وەک تەباخ و سەلاجە و ئوتوو و قاپ و قاچاغی وردیلانە لەگەڵ بووکەشووشەی باربییدا دەفرۆشران و تا ئێستاش لە فرۆشتندان. دەبینین لەڕێگەی ئەم بابەتی ناو ماڵەوە کچەکە بەراورد کراوە بە باربی و چاوەڕوانی ئەوەی لێدەکرێت لە گەورەبوونییدا ببێتە باربی لە نموونەی جوانییدا.

دووەم : کاتێک دەبینین خێزانەکە ئەو یارییانە دەداتە دەست منداڵە کچەکەیان کە بە بابەتی یاریی مێینە ناسراون و ڕەمزێکن بۆ جیاکردنەوەی ڕۆڵی جێندەرەکان و بەستێرۆتایپکردنی جێندەرەکان لە کۆمەڵگەی پیاوسالارییدا. ئەو دیارییانەی دەدرێنە منداڵە کچەکە شتانێکی ئاساین، بەڵام زۆر مەترسیدارن لە ڕوانگەی فێمینستییەوە. چونکە بووکەشووشەیەک کە میز دەکات، ئاماژەیە بۆ «دایکێتی» و تەباخ و ئوتووی بچکۆلەش ئاماژەن بۆ ئیشی ناوماڵ، کە بە ئیشی سەرەکی ژن دادەنرێت. سووراوی ڕەنگ سووری ئاڵیش وەک ڕەنگی شیلک ئاماژەیە بۆ بە سێکسیی کردنی ژن و بەوەی کە ژنان دەبێت لە هەوڵی جوانکردن و

بەسێکسیکردنی خۆیاندابن لە کۆمەڵگەیەکدا کە گرنگی و بوونی ژن تەنها لە جەستە و ڕواڵەتدا دەبینێت.

بەشی یەکەمی شیعرەکە بە قسەی هاوپۆلێکی کچەکە کۆتایی دێت، ئەو هاوپۆلەش ڕەمزێکە بۆ ڕوانینی نێرانەی کۆمەڵگەی پیاوسالاریی.

**ئینجا لە جادووی هەرزەکارییدا، هاوپۆلێک گوتی:**
**تۆ لووتت ئێجگار زل و لاقەکانیشت قەڵەون.**

ژیانە ئاسایی و ئاسوودەکەی کچەکە کە لە شەش دێڕی سەرەتادا پیشان دراوە، یەکسەر لە قۆناغی باڵغبوونی کچەکەدا تێکدەشکێت. کچەکە تەنها دەتوانێت وەک منداڵ بژیی و یاریی بکات هەتا دەگاتە قۆناغی هەرزەکاریی، لەو قۆناغەشدا زیاتر لە قۆناغی منداڵیی، کۆمەڵگە کچەکە دەخاتە ژێر کۆنترۆڵەوە و دەیەوێت بەپێی ڕەچەتەیەکی دیاریکراو بژیی و ڕەفتار بکات. جادووی هەرزەکاریی ئاماژەیە بۆ قۆناغی باڵغبوون، کە کچەکە بۆ یەکەمجار یەکەم سووڕی مانگانەی دەبێت و گۆڕان بەسەر جەستەیدا دێت. لەگەڵ ئەم گۆڕانەدا و لەگەڵ گەورەبووندا ڕەخنەی کۆمەڵگەش دەست پێدەکات. لێرەشدا کچەکە لە جەستەی خۆی بەئاگادێت و لەژێر کاریگەرییەکانی کۆمەڵگەدا جوانیی و جەستە و ڕووخساری خۆی دەخاتە ژێر پرسیارەوە.

قۆناغی هەرزەکاریی گرنگیی زۆری هەیە، وەک فرۆید دەڵێت هەرزەکاریی سەرەتای درووستبوونی ئارەزووی سێکسییە لە کوڕدا و لە کچیشدا ئەم قۆناغە بە شەپۆلێکی خەمۆکیی لە قۆناغەکانی تر جیابۆتەوە....ئەمە ئەو ساتەیە کە کچ هەست بەوە دەکات خەسێندراوە. هەر ئەوەشە دەبێتە هۆی هەستکردن بە کەمیی.

ئەو هاوپۆلەی کە دەیداتە بەر ڕەخنە، دەکرێت دایک و باوکی یان مامۆستاکانی یان هاوڕێکانی بن، کە ئەمانەش ڕەمزێکن بۆ جیهانی دەرەوە، کە کۆمەڵگەیە یان وردتر بڵێین ڕەمزە بۆ ڕوانینی نێرانە لە کۆمەڵگەی پیاوسالارییدا. ئەگەر لەڕووی زانستییەوە لێی بڕوانین ئەوە بەتەواوی پرۆسەی گەشەی منداڵەکە زۆر ئاسایی و تەندرووستە، دەبینین « ئەو کچێکی تەندرووست و...... پشت و باسکەکانی بەهێز» تەنانەت لەڕووی ئەقڵ و توانای مێشکیشەوە زیرەکە. وەک دەڵێت « لە تاقیکردنەوەشدا زیرەکییەکەی دەرکەوتبوو». ئەگەر بێتو بە باربی بەراوردی بکەین، ئەگەر باربی خەیاڵیی نەبێت و مرۆڤێکی ئاسایی بێت، ئەوا ئەم کچە لە باربییش تەندرووستترە . لە کاتێکدا لاوازییەکەی باربی وا دەریدەخات کە تووشبووە بە نەخۆشی بەدخۆراکیی.

بەڵام لە ڕوانینی کۆمەڵگەدا کچەکە جوان نییە، بۆیە کۆمەڵگە فشاری لەسەر درووست دەکات، هەتا بگاتە جوانیی نموونەیی. ئەمەش جەخت لەوە دەکاتەوە کە کۆمەڵگە لەگەڵ ئەوەیدا ڕووخسار و فیزیکی کچەکە پشتگوێ دەخات، گرنگی بە جەوهەری بوون و توانا هزرییەکانیشی نادات. بەم پێیە بەهای ژن لەناو کۆمەڵگەدا تەنها لە ڕووخسار و جەستە و لەش و لاریدایە و ئەوەش بە مەرجێک ئەو جوانییە بەپێی ستانداردی کۆمەڵگە بێت.

تەواوی بەشی دووەمی شیعرەکە کچەکە دەکاتە کاڵایەکی بێگیان. دەیکاتە کاڵایەکی بێبەها و جەخت لەوە دەکاتەوە کە پیاوان دەتوانن ئەم کچە تەنها وەک هێزی کار یان بۆ وەچەخستنەوە بەکار بهێنن، ئەگینا ئەو ڕووخسار و لەش و لارەی نییە کە چاوی پیاو تێر بکات...

لێرەدا کچەکە لە ململانێدایە لەگەڵ ئەو پەیڕەو و بەرنامەیەی کە کۆمەڵگە بۆ ژنی نموونەیی داناوە. بۆیە بێئاگا لە خاسێتە باشەکانی خۆی، وردە وردە بەها و نرخی خۆی لەدەست دەدات و داوای لێبوردن دەکات لەوەی کە جوان نییە و ناتوانێت چاوی کۆمەڵگەی تێر تێر بکات.

لەلایەکی تر دەتوانین بڵێین کە کچەکە داوای لێبوردنی لە کۆمەڵگە دەکرد چونکە زیرەک بوو، ئەمەش ئەوە پیشان دەدات کە کچەکە خۆی لەگەڵ ئەو ڕوانینەی کۆمەڵگەدا گونجاندووە کە ژن وەک بوونێکی پلە نزم دەبینێت.

کۆمەڵگە تەنها لووتێکی زل و لاقە ئەستوورەکانی دەبینن و وا دەردەکەوێت کە خەڵکی دەوروبەری زۆر بێزراوانە لەو کچە بڕوانن. ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت کە کۆمەڵگە تەماشای جوانیی و تواناکانی ناوەوەی ژن ناکات، تەنها بە جوانییە ڕواڵەتییەکانی بڕیاری لەسەر دەدات. دەبینین ئەمە لە کۆمەڵگەی ئەمڕۆدا زۆر باوە، بەجۆرێک کە جوانیی

جەستەی ژن دەخرێتە ژێر مایکرۆسکۆپەوە. بۆیە هەرکات ئەو کچە وەک کچانی لاپەڕەی گۆڤارەکان سەرنجڕاکێش نەبوو، ئەوا دەیان و سەدان ئامۆژگاریی بۆ دەنووسن بۆ ئەوەی چۆن بێت و چی بکات تا بگات بەو جوانییە و خۆی بکاتە جێی سەرنجی ئەوانی دی و وابکات لەناو کۆمەڵگەدا جێی خۆی بکاتەوە.

بەشی سێیەمی شیعرەکە جەخت لەوە دەکاتەوە کە ژیانی کچەکە تا دێت چۆن پڕ ئازارتر دەبێت بەهۆی ئەوەی کە بەردەوام ڕەچەتەی پێدەدرێت بۆ شێوازی هەڵسووکەوتکردن و چۆنیەتی ژیان و هەروەها هەوڵبدات ببێت بە چیش.

**ئامۆژگاری کرا شەرمن بێت**
**هاندرا بۆ ڕووخۆشی**
**بۆ وەرزش، بۆ ڕێجیم ، بۆ زەردەخەنە و بۆ شەیداکردن.**

کۆمەڵگە چاوەڕێ لە کچەکە دەکات کچێکی «شەرمن» بێت، و بێدەنگ و کەمڕوانە هەڵسوکەوت بکات. ئەمانەش تایبەتمەندیی (باربی) ین کە داهێنەرەکەی پێی بەخشیوە. بووکی باربی نموونەی ئەو کچە شەرمنەیە کە کۆمەڵگە دەیەوێت. لە کاتێکدا لە ڕابردوودا جۆرێک لە باربی هەبوون کە سندووقێکی دەنگیان تێدابوو، کاتێک پەتەکەیت ڕادەکێشا قسەی دەکرد، بەڵام زۆربەی جۆرەکانی باربی هیچ قسەیەک ناکەن و هەمیشە بێدەنگن، لەبری قسەکردن و دەنگدارییی، ئەوەی باربی دەیکات تەنها زەردەخەنەیەکی نازدارانە و شەرمنانەیە.

لە دێڕی ١٦ ی شیعرەکەدا بۆ جارێکی تر کچەکە بەراورد کراوە بە باربی، کۆمەڵگە چاوەڕێ دەکات و ئامۆژگاری کچەکە دەکات بەوەی کە جەستەی خۆی لاواز و سەرنجڕاکێش بکات و بەردەوام زەردەخەنە بکات، هەروەها هەوڵ بدات سەرنجی خەڵک بۆ لای خۆی ڕابکێشێت.

دواجار دێڕی کۆتایی بەشی سێیەمی شیعرەکە پیشانی دەدات کە کچەکە چیتر بەرگەی فشارەکانی کۆمەڵگە ناگرێت و لە ئەنجامی ئەوەی بەردەوام بەپێی ڕەچەتەکانی کۆمەڵگە دەژیی و ڕەفتار دەکات، بوون و جەوهەری خۆی لەدەست دەدات، لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا نەیتوانیوە چاوەڕوانییەکانی کۆمەڵگە تێربکات و هەر بە ساردیی و بێ هەستانە مامەڵەی لەگەڵ دەکەن.

**سرووشتە باشەکەی لەناوچوو**
**چوون قایشێکی پانکە**

ئینجا تا دێت زیاتر بە کاڵا دەکرێت، بۆیە چیتر کچەکە بەرگە ناگرێت و هەرەس دەهێنێت. ورە و ئارامیی کچەکە بە قایشی پانکەی ماتۆڕ بەراورد کراوە، کە قایشێکی لاستیکە جوڵەی بەردەوام دەگەیەنێت بە پانکەی ساردکردنەوەی ماتۆڕ، ئەمر قایشەیش بەپێی کات و بەهۆی بەکارهێنانەوە دەڕزێ و لەکار دەکەوێت، لەبەرئەوەی کچەکەش تەنها فەرمانی پێکراوە چی بکات و چی نەکات و هیچکەس هەست و خۆشەویستیی نەبووە بەرانبەری، هەروەها نرخییان بۆ جوانییە ناوەکییەکانی دانەناوە، بۆیە چیتر بەرگەی ئەوە ناگرێت و هەرەس دەهێنێت.

بەشی کۆتایی شیعرەکە باسی کۆتایی تراژیدیای ئەو کچە دەکات کە بە باربی بەراورد کراوە.

لەمر بەشەدا (بەشی کۆتایی) کچەکەی ناو شیعرەکە بە ڕوونی بە باربی بەراورد کراوە.

**ئەوەتا لەو سندووقەی دیارە کچەکە لەسەر ئاوریشم ڕاکشاوە**
**بەو ئارایشەی مردوونێژەکە نەخشاندوویەتی و**
**لووتێکی بە هەویر درووسکراو**
**لەکراسێکی شەوانەی پەمەیی و سپی**

کچەکە هەتا لە ژیاندا بوو نەیتوانی ببێتە ئەوەی کە ئێستا لەناو سندووقەکەدا (تابووت) دەردەکەوێت ، دوای ئەوەی ڕووخساری بە ماکیاژ دەسکاری کراوە لەلایەن مردوونێژەکەوە. کچەکە دوای خۆکوشتنی لە بەرگێکی ئاوریشمیدا لەناو تابوتێکدا دانراوە، بە ماکیاژ ئارایشتی بۆ کراوە و لووتێکی بە هەویر بۆ سازێندراوە، هەروەها لە جل و بەرگێکی پەمەیی و سپی شەوانەشدا. ئەمانە هەموو ڕەمزن کە پێرسی بەکاریهێناون هەتا باسی مێینەی

هەواڵنامەی کتێب

تەواو بکات. ئەوەی ئایرۆنییە لێرەدا ئەوەیە کە «هەموو کەس» کە ڕەمزە بۆ کۆمەڵگە ئێستا بە کچەکە دەڵێن جوان و ددان بە جوانییەکەیدا دەنێن. هەرچەندە کچەکە مردووە بەڵام دواجار کۆمەڵگە ددانی پێدا دەنێت، چونکە ئەو تایبەتمەندییانەی تێدایە کە کۆمەڵگە دەیەوێت، وەک لووتێکی بچووک (هەرچەند لووتی بە هەویر دروستکراوە) جگە لەوەش ئێستا کە لەناو تابووتەکەدایە ئارایشتکراوە و لە ماکیاژ هەڵکێشراوە، هەروەک ئەوەی کە کۆمەڵگە چاوەڕێی لێ دەکات. ئینجا کراسێکی پەمەیی و سپی لەبەردایە، ڕەنگی پەمەیی لێرەدا ڕەنگی مێینەیە و ڕەنگی سپییش ڕەمزی پاکی و پاکیزەییە. دێڕی کۆتایی شیعرەکەش دەریدەخات کە تەنیا لە مەرگدا کۆمەڵگە واز لە کچەکە دەهێنێت و دەتوانێت ددانیشی پێدا بنێت. دێڕی کۆتایی حیکایەتە تراژیدییەکە باس لە کۆتاییەکی بەختەوەرانە بۆ هەموو ژنێک دەکات، ئەمەش ئایرۆنییە و لە ڕاستییدا کۆتاییەکی خەمناک و ترسێنەرە. کۆتاییەکەی بۆ کۆمەڵگە بەختەوەرییە، چونکە زاڵ دەبێت و چوارچێوەکانی بەرزتر دەکاتەوە، بەڵام بۆ کچەکە نا. ئەم مردنەی کچەکەش دەکرێت مردنی فیزیکیی بێت باس لەوە بکات کە هەتا مردن کۆمەڵگە قبووڵی نەکردووە یان ڕەنگە ڕەمزیی بێت مەبەست لێی کەوتنی کچەکە بێت بەوەی کە لەژێر فشارەکانی کۆمەڵگە بوون و کەسێتی خۆی لەدەست دەدات و دەبێتە کاڵایەک بۆ چاوی خەڵک.

**کۆتایی :**

پێرسی بە سەرکەوتوویی بیرۆکەی بووکەشووشەی باربی بە بەهای ژن لە کۆمەڵگەدا دەبەستێتەوە.ئەو فشارەی کۆمەڵگە لەسەر ژنی دروستکردووە و کە ژنان ناچار دەکات پابەند بن بە شتانێکەوە هەتا لە جوانیی و لە ڕەفتاردا ببنە ژنی نموونەیی. ئەم فشارانەش چەندە گەورەن، بەڵام زۆربەی ژنان بەئاگا نین لێی. ئەو ژنانەی کە بە سرووشتی دەژین و هەڵسووکەوت دەکەن لە ڕووی کلتووریی و کۆمەڵایەتییەوە بە سەیر و ناسایی دەبینرێن. لە شیعرەکەشدا ئەم نائاگایە ڕەنگی داوەتەوە، هەموو جیهانی ناو شیعرەکە کە کۆمەڵگەیە ناگاگایە لەم دۆخە، تەنها جیهانی بچووکی ناو کچەکە بەئاگایە لێی.

ئەو جیهانەی کە کچەکە تیایدا شەڕ دەکات دژی ئەو بەهایەی کە کۆمەڵگە بۆ ژنی داناوە. ئینجا باس لەوە کراوە چۆن جیاوازبوونی کچەکە و لادانی لە نۆرم و بەها کۆمەڵایەتییەکان دەبێتە هۆی تێکشکانی و کۆتایی پێهانی.

ئەو بەها کۆمەڵایەتیی و کلتورییەی بۆ ژن دانراوە، لە کۆمەڵگەدا بۆتە کاڵا لەپێناو بەدەستهێنانی سەرمایە، بەبێ گوێدانە مافەکانی ژنان، بۆ نموونە ئەوەی کۆمپانیای ماتڵ -ی ئەمەریکیی بە ژنی کردووە لە ڕێی دروستکردنی بووکی باربی. بەم پێیە سەرەڕای پێشکەوتنی بزووتنەوەی فێمینیزم، ژنان دەبێت وریا و بەئاگابن و هەتا نەکەونە نێو داوی ئەو ئەفسانە و خەیاڵانەی کە واقیعێکی ڕووکەشانە لە کۆمەڵگەدا دەخولقێنن.

کریستین دو پیزان شاعیری فەڕەنسی -ئیتالی دەڵێت «جوانی هیچ پەیوەندی بە ڕووکاری دەرەوە نییە. ئەگەر پرسیار دەکەیت کە ئایا ژن هیچ زیرەکییەکی سرووشتیی هەیە؟ وەڵامەکەی بەڵێ یە. ئەم زیرەکییەش دەکرێت گەشە بکات و ببێتە بلیمەتیی. ئەمەش جوانترینە». ئەوەش مانای وایە کە بەهای جوانیی ژن ئەوە نییە کە لە دەرەوە دەبینرێت، بەڵکو ئەوەیە کە لە ناوەوەیدایە. کەسێتی، بیرکردنەوەی، ئەزموون و ژیریی. ئەمانەش تایبەتمەندییەکن کە لە باربی -یدا نادۆزرێنەوە.

**سەرچاوە**

Cain, Angela. 1996. “Barbie's Body May be Perfect, but Critics Remind Us It's Plastic.”Albany Times. http://www.yvonnesplace.netlbarbie.htm.
Wolf, Naomi. The Beauty Myth: How Images of Beauty Are Against Women. NewYork: Harper Perennial, 2002.
Wolf, Naomi. Promiscuities: The Secret Struggle for Womanhood. New York: TheBallantine Publishing Co., 1997

# شیعری "کارێکی فێڵبازانە" ی مارج پێرسی

ڕێبین خدر



شیعری نوێ دانابڕێت لە جیهانی نوێ، جیهانێک کە هەمیشە خۆی دووپات بکاتەوە و هەڵبژاردە و دەروازەی نوێی نەبێت، شیعری نوێشی تێدا لەدایک نابێت. یاخود باشترە بڵێین شیعری نوێ لەخۆ ناگرێت و فڕێی دەداتە دەرەوەی خۆی. لەگەڵ بەرەوپێشچوونەکانی بواری پیشەسازیی و سێبەرەکانی تەکنەلۆژیا بەسەر جیهانەوە، هەروەها درووستبوونی شۆڕش و بزووتنەوەی نوێی کرێکاران و ژنان و منداڵان و چەندەها بزاوت و ڕەوتی تازە، شیعریش بەجۆرێکی تر لە جیهانی مردووی وەسفکردنی زوڵف و هۆنینەوەی جوانیی یار و لەرینەوەی ڕۆمانسیی دێتەدەرەوە و تێکەڵاو و ئاوێتەی سەردەمی خۆی دەبێت. لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم شیعری ئەمەریکایی بەکاریگەری هەموو ئەوانە و خۆدۆزینەوە لەناو جیهانێکی تازە و ئەمەریکایەکی خەونامێز، خۆی بەجۆرێکی تر نیشان دەدات. ئەو ئەمەریکایەی کە وەک دوورگەیەکی سیحریی و خەیاڵی دەهاتە پێشچاو، نووسەران و شاعیرانی ڕاچڵەکین و درز و کەلێنە گەورەکانیان دەرخستن، بەجۆرێک "ئالێن گینسبێرگ" ی پێشڕەوی بەرەی "بیت" لە شیعرێکدا دەڵێت "ئەمەریکا شەوانە کۆخەکۆخەکەت لێناگەڕێت بخەوین".

هەربۆیە شیعری ئەمەریکایی تا دەهات بەرەو پێشتر دەڕۆیشت و دڕی بە جیهانە نوێیەکەی خۆی دەدا. شیعرێک کە لەخۆی دەکۆڵێتەوە و لەخۆی توڕەیە و دەچێتە ناو هەموو باس و خواسێک. شیعری ئەمەریکایی چەندە ئەمەریکای دەکردە ئامانج و تێیدا بڵێسەی دەسەند، ئەوەندەش مەبەستی جیهان و زەمینی نوێ بوو. چونکە ئەوەی لە ئەمەریکادا ڕووی دەدا، ئەوەی لە ئەمەریکادا ئازاربوو، لە شوێنانی تریش ڕووی دەدا و لە شوێنانی تریش ئازار بوو. هەر بۆیە شیعر لەوە دەرچوو، بێت تەنها خۆی خەریک بکات بە جوانییەکانی ژنەوە ( پێشتریش لە ئەوروپا لەوە دەرچووبوو) ئەو دێت جوانییەکانی ژن بەشێوەیەکی تر شی دەکاتەوە، چیتر ژن ئەو بوونەوەرە فریشتەییە نییە کە پیاو ئارەزوویەتی پێی بگات، چیتر

حەوایەکیش نییە بە حیکایەتێکی ساکارەوە، ژن بەهۆی ڕەوتە فیکریی و ژنە بیرمەندەکان، ئەدیبەکان، شاعیرەکان شێکراوەتەوە و لە جیهانێکی تازەدا دەردەکەوێت، چیتر مرۆڤیش ئەو مرۆڤە نییە، ئەوەتا لەگەڵ بەربەستە نوێ و کەرەستە نوێ و خۆشەویستە نوێیەکانی (ئۆتۆمبیل، کۆمپیوتەر، فڕۆکە، بۆمبا، ماکیاژ...) دا دەژی. کەواتە وێنەی شاعیریش گۆڕانی بەسەردا دێت، شاعیریش زیاتر هەڵدەچێ و دەست دەهاوێتە ناو خەیاڵ و برینی تازە. چیتر شاعیرێک نییە بەتەنها پشت بە ئیلهامێک، یارییەکی زمانەوانی، چەند وشەیەکی ئەبستراکت ببەستێت.

هەر بۆیە دەبینین کاتێ دەمانەوێت شیعرێکی وەک شیعری (کارێکی فێڵبازانە) ی مارج پێرسی بخوێنینەوە، لەیەک کاتدا بەر چەند لێکدانەوەی جیاواز و چەند جیهانێکی لەیەکدوور دەکەوین. شیعرێکە لەگەڵ ئەوەشدا بەرهەمی خەیاڵ، بەرهەمی فیکرێکیشە ڕۆچوو بە جیهانی تازە و کێشەکانی. مارج پێرسی لەو شیعرەدا بە زمانێکی سادە سەربردەی درەختی (بۆنسێی) یمان بۆ دەگێڕێتەوە، کە درەختێکە لە شێوەی سنەوبەردا. زمانی شیعرییەکەی دوورە لە وەسفی بارکراو و گەمەی ڕوانین خەڵەتێن، پشت بە زمانی گێڕانەوە دەبەستێت و وەک گێڕانەوەی چیرۆکێک، ڕۆمانێک سەرنجمان بەرەوی خۆی ڕادەکێشێت.

**ئەو درەختە سنەوبەرەی**
**نێو ئینجانە دڵڕفێنەکە**
**دەیتوانی ٢٥ مەتر باڵا بکات**
**لە قەدپاڵی چیایەکدا**
**تا ئەو ساتەی برووسکە دوو لەتی دەکرد.**
**بەڵام باخەوانێک**
**بە وریاییەوە بڕییەوە.**

شیعرەکە لە بینینی یەکەمدا چیرۆکی درەختەکە بەیان دەکات، کە چۆن لە ناو سرووشتدا دەردەهێنرێت و لە ژینگەی سرووشتیی خۆی دادەبڕێنرێت. باغەوانەکە وەک مرۆڤێکی نوێ، کە سرووشت بۆ قازانج و بەرژەوەندی خۆی بە کاردەهێنێت پیشان دەدرێت. پرۆسەی جیاکردنەوەی درەخت لە ژینگەی خۆی، لەگەڵ بەگوڕکەوتنی لایەنی پیشەسازیی و ئەژدیهاکانی تەکنەلۆژیی و سەرمایەداری تا دێ زیاتر پەرە دەسێنێت. مارج ئەم جیاکردنەوەیە بەجۆرێکی تر نیشان دەدات، کاتێک درەختەکە بۆ سووتاندن، بۆ تەختە، بۆ درووسکردنی دۆڵاب و سندووق بەکار نایەت، بەڵکو ئەو وێنەکە دەگۆڕێت و دەبینین .

**ئێستا باڵای ٢٣ سم دەبێت.**
**هەموو ڕۆژێک**
**ئەو کاتەی لق و پۆپەکانی دادەتاشێت**
**دەیلاوێنێتەوە و دەڵێت :**
**ئەمە خۆ سرووشتی خۆتە**
**ئاوا خنجیلە و قەشەنگ بیت،**
**ماڵیی و لاواز**

ئەوەی لێرەدا جێی سەرنجە ئەوەیە کە درەختەکە بەتەواوی لەناو نابرێت، بەڵکو دەگۆڕدرێت بۆ درەختێکی بچووکتر ( ئەمە خاڵێکی زۆر تایبەتی ناو شیعرەکەیە) ئەو گۆڕانەش کە بەسەریدا دەهێنرێت بۆ ئەوەیە کە درەختەکە بەشێوەیەکی تر بەکاربێت و پیشان بدرێت. دیارە دەبینین کە درەختەکە بچووک دەکرێتەوە و باغەوانەکە ( کە مرۆڤی نوێ و جیهانی نوێیە) دەیبات لە شێوەی درەختێکی بچکۆلەی ناو ماڵ بۆ ڕازاندنەوەی گۆشەیەکی ناو ماڵ بەکاری دەهێنێت. کەواتە گەوهەری درەختەکە نافەوتێنێت، تەنها دەیگۆڕێت لەپێناو بەرژەوەندییەکەدا، لە پێناو ئامانجێکی تایبەتی خۆیدا، بێ ئەوەی گوێ بەوە بدا ئەو درەختە لە شوێنی خۆیدا و بە قەبارە و دەرکەوتنی خۆی چ بایەخێکی هەیە. کاتێ بەسەرهاتی ئەم درەختە دەخوێنینەوە گواستنەوەی گیاندار و مانگا و ئاژەڵە کێوییەکانمان بیر دێتەوە کە مرۆڤ بۆ یەکەمجار بۆ بەرژەوەندی خۆی بەکاری هێنان لە کێڵگە و پاسەوانییکردن و ڕاودا. مرۆڤ هات ئاژەڵەکانی لە چیاکان و دەشتەکان دابڕین و کردنی بە خزمەتکاری خۆی. بەڵام چیرۆکی درەختەکە لەوەش زیاتر دەڕوات و هێزی زیاتر درووست دەکات، کاتێ درەختەکە بە ڕەمز و ئاماژەی تر دەخوێنینەوە و لەوە دەیهێنینە دەرەوە بەتەنها چیرۆکی درەختێک بێت.

وەک گوتمان لە بینین و خوێندنەوەی یەکەمدا

سەربردەی درەختێکە، بەڵام کە زیاتر ورد دەبینەوە و پەردەی تر هەڵدەدەینەوە دەبینین دەرخت دەشێت مرۆڤ خۆی بێت. دەکرێت ئەو (تاک) ە بێت کە کۆمەڵگە و حزب لە سرووشتی خۆی دەریدەهێنن و بە قاڵبی جیاوازدا دەیبەن و بە پێی پەیڕەو و پرۆگرامی خۆی دای دەتاشن، تاوەکو دەکرێت لە گۆشەیەکدا بۆ بەرژەوەندی خۆیان بەکاری بهێنن و بیکەنە کەرەسە و ئامێری پەرەپێدانی خۆیان. دەکرێت ئایین ڕۆڵی ئەو گۆڕین و لەباربردنە ببینێت کە مرۆڤ دادەتاشێت و لە چوارچێوەی دەگرێت. کۆمەڵگە مرۆڤێکی دەوێت لە شێوەی خۆی، بۆیە دەیبڕێتەوە و بچووکی دەکاتەوە و تا ئەو شێوە دەگرێت کە شوێنی خۆی پڕ بکاتەوە. حزبیش هەمانشێوە تاکێک بۆ بەرژەوەندی خۆی بەکاردەهێنێت و لە قاڵبی دەدات هەروەک درەختەکە دەیبڕێتەوە و بچووکی دەکاتەوە ( بەڵام ناهێڵێت بمرێت، بفەوتێت) چونکە کاری ئەوەی پێیە بۆ خۆی بەکاری بهێنێت. لەگەڵ ئەوەشدا دەکرێت سەربردەی درەختەکە سەربردەی کرێکارێک بێت لەناو جیهانی ئاڵۆزی کارگە و دەزگاکاندا، کاتێک کرێکارەکە وەک ئامێرێکی بچکۆلە دەخرێتە دەزگا و کۆمپانیاکان و هەروەک برغوویەکی بچکۆلە لە دامێنی ئامێرێکی زەبەلاحدا.

ئەم شیعرە چیرۆکئامێزە، چونکە شیعرێکی ئاوێتە بە فیکرە و تەنها دەربڕی ئیلهامێک نییە و سۆزێکی لەراوە نییە، هەروەها گیرۆدەی چەقێکی بچووک نییە، ئەوەتا دەتوانین بە چەندان شێوە ببینین. بۆچی درەختەکە منداڵێک نییە؟ منداڵ کاتێک بە سرووشتی خۆی لەدایک دەبێت و لەوەدایە گەشە بکات، پەروەردە جۆراوجۆرەکان هەریەکە و بەشێوەی خۆیان دایدەتاشن و دەیانەوێت ئەوەی لێ درووست بکەن کە خۆیان دەیانەوێت. یان گرنگتر لەوەش بۆچی ئەو درەختە حیکایەتی ژنێک نییە؟ ئەمە زیاتر لە ئەگەرەکانی تریش دەشێت، چونکە شاعیرەکە خۆی ژنە و کاری زۆریشی کردووە لە سەر ئازار و دەرکەوتنی ژنان. کاتێک درەختەکە وەک ژنێک دەبینین، بۆمان دەردەکەوێت چەند جوان و ڕەمزئامێز شیعرەکە خۆیمان پیشان دەدات.

**ئای درەختی خنجیلانە، چەندە بەختەوەری**
**ئەوەتا ئینجانەیەکت هەیە**
**تا تیایدا گەشە بکەیت.**
**لەناو بوونەوەران دا**
**هەر کەس دەبێ زوو خۆی بکا بە قەزەمێک**
**زوو گەشەی خۆی بوەستێنێ**
**پەلۆپۆی خۆی سنووردارکا**
**مێشکی خۆی تووشی شەلەل بکا**
**قژی لەناو ماکینەی قژلوولکردندا و**
**دەستەکانیش ئەوانەی تۆ حەز بە بەرکەوتنیان دەکەیت.**

درەختەکە لە سرووشتی خۆی دەردەهێنن، دەتوانین وای ببینین کە (ژن) ەکە لە سرووشتی خۆی دەردەهێنن و لە قاڵبی دەدەن، ئینجا بۆ جوانی یان بۆ ئەوەی دیل و دەستبەسەری بکەن لە گۆشەیەکی ماڵدا دایدەنێن. ژن لە سرووشت جیا دەکەنەوە و لە ماڵدا قەتیسی دەکەن و دەیکەن بە بوونێکی گرێدراو و بەستراو بە کەلوپەل و موبەق و چاوەڕێی هیچی تری لێناکەن. باغەوانەکە لێرەدا دەوری ئەو کۆمەڵگەیە دەبینێت کە ژن دەڕنێت و چوارچێوەگیری دەکات تا ببێت بەوەی کە کۆمەڵگە خۆی دەیەوێت، نەک ئەوەی کە ژن دەیەوێت و بوونی دەیهەوێت. سەرەڕای ئەوەی ژن هەروەک باڵندەیەکی خۆشخوان لە سرووشت دادەبڕێت و دەخرێتە گۆشەی قەفەسێکەوە (ماڵ) وەک لە حیکایەتی درەختەکەشدا ئاماژەی پێدراوە لە پێناو جوانییشدا بەکاری دەهێنن و دەیکەنە کەرەسە بۆ ڕێکلام و تەلەڤزیۆن و یانەکان، بە ڕادەیەک بچووکی دەکەنەوە کە ببێتە وەڵامدەرەوەی حەز و ئارەزووی دنیای دارماوی نوێ و خواستی کۆمەڵگە سەرکووتکەر و ژینگە چەوسێنەرەوەکان.

لەگەڵ هەموو ئەو بینینانەشدا بۆ چیرۆکی درەختێک کە لە ڕوانینی یەکەمدا پرسی ژینگەمان بۆ دەخاتە ڕوو، و دەتوانرێت تاک و ژن و کرێکار و منداڵی تێدا ببینەوە، دەشتوانین درەختەکە وەک مرۆڤ بە گشتی ببینین کە چۆن لە ژینگەی سرووشتیی هاتە دەرەوە و ئەشکەوت و ژێر درەختەکانی چۆڵ کردن، هات بینا و کارگە و



شێرکۆ بێکەس

دیزاینی: ئارام لوقمان



دەزگاکانی درووستکردن، چۆنیش ئەو مرۆڤە بەهۆی ئەم کارانەوە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ خۆی بووە دیلی دەست ئامێر و کەرەستەکانی و، خۆی بووە کەرەسەیەکی بچووک لە گۆشەی ئەو دنیا ئافرێنراوەی خۆیدا. خۆی بووە نامۆ و دەستبەسەرکراوێک کاتێک دڵی سرووشتی دەرهێنا و وەک دیارییەک دای بە ئەژدیهاکانی سەرمایەگوزاریی و سەری خۆی و مێشکی خۆی پێشکەشی تانک و تۆپ و تەیارەکان کرد، لەمڕێیەوە بەجۆرێک خۆی داتاشی کە خۆیشی خۆی نەناسێتەوە و سەرگەردان بەدەست جەنگ و کێشە زۆر و زەوەندەکانی.

شیعری (کارێکی فێڵبازانە) زۆر زیاتر لەوەش هەڵدەگرێت کە من توانیم تێیدا ببینم و بخوێنمەوە، هەر خوێنەرێک دەتوانێت بە پێی دنیابینین و ڕوانینی خۆی کۆدی تریشی تێدا بکاتەوە و جیهانی تری تێدا بدۆزێتەوە. هەر ئەوەشە وادەکات شاعیرێکی وەک (مارج پێرسی) وەک شاعیرێکی نوێ و شیعریشی وەک شیعرێکی نوێی ئاوێتە بە جیهانی تازە و کێشەکانی ببینین. چونکە شیعری نوێ دانابڕێت لە جیهانی نوێ، مارج -یش بە چاوە دووربین و بەهێزەکانی خۆی، شیعری خۆی تووڕ هەڵداوەتە ناو ئەو جیهانە تاریک و سەیر و سەمەرەیە.

هەوڵنامەی کتێب